# ژیان و ڕۆڵی سیاسیی عادل سەلیم (1926-1978)

**ID No. 3835**

(PP 43 - 62)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.4.4

**بورهان حاتەم عوسمان**

بەشی مێژوو- كۆلێژی ئاداب /  زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Burhan.othman@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2020/11/09**

**پەسندكردن : 2021/05/02**

**بڵاوكردنەوە : 2021/08/15**

**پوختە**

عادل سەلیم یەكێكە لەو كەسایەتی و كارەكتەرە هەولێرییە ناسراوانەی، كە ڕۆڵێكی سیاسی دیاری لە ڕیزەكانی حزبی شیوعی عێراقدا هەبوو. ئەو وەك كادیر و بەرپرسی بەشێك لە ڕێكخستنەكانی بەغدا لە ماوەی چلەكان و پەنجاكاندا چالاكی ئەنجامداوە، ئەمە سەرباری كاركردنی لەنێو ڕێكخستنەكانی هەولێر و سلێمانی و كەركوك و لقی كوردستانی حزبی شیوعی عێراق لەماوەی شێستەكان و حەفتاكاندا. ئەمە جگە لە ڕۆڵ و هەڵوێستەكانی لەماوەی پێكهێنانی بەرەی نیشتمانی ساڵی 1973 ی نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعسی فەرمانڕەوادا. لەماوەی ژیانی سیاسییدا عادل سەلیم چەندین جار ڕووبەڕووی گرتن و زیندانیكردن و ئەشكەنجەدان بووەتەوە، بەشێوەیەك (12) ساڵی ڕەبەق ژیانی لەنێو گرتووخانە و مەنفاكانی عێراقدا بەسەربردووە. بەدیاریكراویش لە سەردەمی پاشایەتی و سەردەمی كۆماری یەكەم.

ئەم لێكۆڵینەوەیە تایبەتكراوە بە ژیان و ڕۆڵی سیاسیی عادل سەلیم لەنێوان ساڵانی (1926-1978). لێكۆلینەوەكە لە چوار تەوەرەی سەرەكی پێكهاتووە: لە تەوەرەی یەكەمدا كورتەیەك لەبارەی مێژووی بنەماڵەكەی و سەرەتاكانی ژیانی و خوێندنی خراوەتەڕوو. تەوەرەی دووەم تەرخانكراوە بۆ باسكردن لە ڕۆڵی سیاسیی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1941-1956) دا. تیایدا تیشك خراوەتە سەر چالاكی نهێنی و دواتریش گرتن و زیندانیكردن و ئەشكەنجەدانی لەلایەن دەزگا ئەمنییەكانی حكومەتی عێراقەوە. تەوەرەی سێیەمی لێكۆڵینەوەكەش تایبەتكراوە بە هەڵوێست و ڕۆڵی سیاسیی عادل سەلیم لەنێوان ساڵانی (1956-1970). ئەو لەو ماوەیەدا لە زۆرێك لە ناوچەكانی كوردستاندا كاری كردووە، بەتایبەتی لە شارەكانی هەولێر و كەركوك و سلێمانی. هەروەك ئەندامێكی كارای نووسینگەی لقی هەرێمی كوردستانی حزبی شیوعی بووە و ڕۆڵی بەرچاوی لە چالاكییەكانی حزبەكەدا هەبووە.

تەوەرەی چوارەم و كۆتاییش، ڕۆڵی سیاسیی و كارگێڕیی نێوبراو لەنێوان ساڵانی (1970-1978) خراوەتە بەرباس. تیایدا هەڵوێستە نەیارەكانی لە هەمبەر بەرەی نیشتمانی و حزبی بەعسدا تاوتوێكراوە. بەتایبەتی ئاماژە بە ڕەخنە و گازاندە بەردەوامەكانی لە حزبی بەعس بە ئامادەبوونی بەرپرسانی باڵای حزبەكە لە كۆبوونەوەكانی بەرەدا كراوە. هەروەها باس لە وەرگرتنی پۆستی ئەمینداریێتی گشتی گواستنەوە و گەیاندن و كارەكانی لە ئەنجوومەنی جێبەجێكردنی سەر بە ناوچەی كوردستان و دواتریش لادانی لەو پۆستە بە بڕیاری سەرۆك كۆمار (ئەحمەد حەسەن بەكر) كراوە. لە كۆتایی تەوەرەكەشدا ڕووداوی ژەهرخواردكردن و كوشتنی لەلایەن حكومەتی بەعس لە 12/9/ 1978 باسی لێوەكراوە.

**كلیلە وشە:** عادل، حزب، شیوعی، بەندیخانە، بەعس، بەرە.

## 1. پێشەكی

شاری هەولێر بەدرێژایی مێژووی خۆی چەندین كەسایەتی تێدا هەڵكەوتووە، كە ڕۆڵی كاریگەرییان لە ژیانی سیاسی و فیكری و كۆمەڵایەتی و ئابووریدا هەبووە. بەشێكی دیاری ئەو كەسایەتییانە لە مێژووی هاوچەرخدا هەڵگرانی هزری ماركسی و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق بوون. یەكێك لەوانەش عادل سەلیم بوو.

عادل سەلیم لە سەرەتاكانی تەمەنییەوە وەك گەنجێكی زرنگ و وشیار لەنێو چین و توێژەكانی شارەكەدا دەركەوتووە. هەر لە سەرەتای چلەكانی سەدەی بیستەمەوە لە تەمەنێكی بچووكەوە تێكەڵ بەكاری سیاسی بووە و لە زۆربەی ئەو پارت و ڕێكخراو و كۆمەڵە سیاسییانەی ئەو كات بووەتە ئەندام، تا دەگاتە ئەندامێتی لە حزبی شیوعی و دواتریش وەرگرتنی پۆست و ئەنجامدانی چالاكی سیاسی جۆراوجۆر و دەستگیركردن و ئەشكەنجەدان و دوورخرانەوەی. نێوبراو لەماوەی ژیانی سیاسی و كایەی هزریدا كەسێكی سەرڕاست و خاوەن هەڵوێستی سیاسی نەگۆڕی خۆی بووە، بەتایبەتی هەڵوێستی لە هەمبەر ڕەفتار و سیاسەتەكانی حزبی بەعس لە ناوچەكانی كوردستان و عێراقدا، بۆیە لێكۆڵینەوە لە ژیان و چالاكییە سیاسییەكانی ئەو بایەخی مێژوویی خۆی هەیە.

لە نووسینی توێژینەوەکەدا پشت بە چەندین سەرچاوە و بەڵگەنامەی هەمەجۆر بەستراوە. لەپێش هەمووشیانەوە بەڵگەنامە نهێنییە بڵاونەکراوەکانی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت، کە بەڕوونی ئاماژە بە ڕۆڵ و هەڵوێستی سیاسی ئەو دەدەن. هەروەها ئەو نامە دەستنووسانەی کە هاوڕێ و کەسانی نزیکی عادل سەلیم لەبارەیانەوە نووسیوە و قۆناغەکانی ژیانی و هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەویان ڕوونکردووەتەوە و بەشێکی دیکەی سەرچاوە بایەخدارەکانی لێکۆڵینەوەکەیان پێکهێناوە، بەتایبەتی نامەکانی (شەماڵ عادل سەلیم)، کە زانیاری گرنگ و وردی لەبارەی ژیان و چالاکی سیاسی باوکی تێدایە. ئەمە جگە لە بایەخی نامەکانی هەریەك لە (عومەر عەلی شێخ و قادر ڕەشید-ئەبو شوان). لەلایەکی تریشەوە یاداشت و بیرەوەرییەکانیش لێکۆڵینەوەکەیان زیاتر دەوڵەمەند کردووە. بەتایبەتی بەشی دووەمی یاداشتە بڵاونەکراوەکانی (نەجمەدین مامۆ هەریری). هەروەها یاداشتەکانی هەریەك لە کەریم ئەحمەد (المسيرة/ صفحات من نضال كريم أحمد) و ئەحمەد بانیخێلانی (بیرەوەرییەکانم) و بەهائەدین نوری (مذكرات بهاءالدين نوري). لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەندین کتێب بەکارهاتووە، بەتایبەتی کتێبی (عقود من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي) دانراوی (عزيز سباهي)، کە بەشێوەیەکی وردەکارانە مێژووی حزبی شیوعی و کەسایەتییەکانی حزبەکەی شەن و کەو کردووە. ئەمە جگە لە بەکارهێنانی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (الحكم الذاتي)، کە بۆ لایەنی ژیانی کارگێڕی عادل سەلیم سوودی لێ بینراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوار تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە بنەماڵە و سەرەتاکانی ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی عادل سەلیم کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا ڕۆڵی سیاسی نێوبراو لەنێوان ساڵانی (1941-1956) خراوەتەڕوو، کە لە ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەودا سەردەمی چالاکی نهێنییە، بەشێکی زۆری ڕۆژانی ژیانی لەو ماوەیەدا بەسەربردووە، بۆیە زیاتر تیشك خراوەتە سەر دەستگیرکردن و زیندانیکردن و دادگاییکردنی. هەرچی تەوەرەی سێیەمە تایبەتکراوە بە هەڵوێست و ڕۆڵی سیاسی ئەو لەنێوان ساڵانی (1956-1970). تیایدا باس لە کاری ڕێکخستنی عادل سەلیم لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و لقی کوردستانی حزبی شیوعی کراوە. هەروەها تیشك خراوەتە سەر ماوەی زیندانی و هەڵوێستی لە هەمبەر تاقمی کەرتکاری (عەزیز ئەلحاج). هەرچی تەوەرەی چوارەم و کۆتاییە، ئەوە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ڕۆڵی سیاسیی و کارگێڕیی لەنێوان ساڵانی (1970-1978). لەم تەوەرەیەدا بە وردی تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستی عادل سەلیم لە بەرامبەر بەرەی نیشتمانی و ڕەخنەگرتن لە ڕەفتارەکانی حزبی بەعس. هەر لەم تەوەرەیەدا باس لە وەرگرتنی پۆستی ئەمینداریتی گشتی گواستنەوە و گەیاندن لەلایەن عادل سەلیمەوە کراوە و ڕۆڵیی لەو پۆستەدا ڕوونکراوەتەوە. لە کۆتایی تەوەرەکەشدا بە پشت بەستن بە چەندین بەڵگە و سەرچاوە ڕووداوی ژەهرخواردکردن و مردنی نێوبراو ساغکراوەتەوە.

هەڵبەتە ئەم لێکۆڵینەوەیە وەك هەر لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی ئەکادیمی لە ئاستەنگ و گرفت بەدەر نەبووە، لەم چوارچێوەیەشدا توێژەر ڕووبەڕووی چەندین گرفت بووەتەوە، بەتایبەتی کاتی نووسینی لێکۆلینەوەکە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی (ڤایرۆسی کۆرۆنا) لە ناوچەکانی کوردستاندا، بۆیە لە ئەنجامی بڕیاری قەدەغەی هاتووچۆوە، توێژەر نەیتوانیوە هەندێك دیدار ئەنجام بدات، کە پێویست بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی لێکۆلینەوەکە، بەڵام وێڕای ئەمە هەوڵدراوە لەڕێگەی ناردنی نامە و پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەم کەلێنە پڕ بکرێتەوە. لە کۆتاییدا پێوستە ئاماژە بەوە بکرێت، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ و ماندوبوونی بۆ دراوە، بەڵام وەك هەر کارێکی دیکەی مرۆڤ بێ کەموکوڕی نییە.

**2. سەربردەی ژیان و کەسایەتیی عادل سەلیم:**

**1-2 ڕێوڕەچەڵەك و بنەماڵە و ژیانیی:**

عادل کوڕی سەلیم کوڕی مەلا مستەفا کوڕی مەلا شێخ حەسەن, لە ڕێکەوتی 15ی کانوونی یەکەمی 1926 لە گەڕەکی خانەقا لە شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی زەنگین، کە لە (9) ئەندام پێکهاتبوو و خاوەن چەندین زەویوزار و گوند لەدایك بووە. (مەلا شێخ حەسەن)ی باپیرە گەورەی لە گوندی (مەلەکان) ی بناری کێوی سەفین لە بنەماڵەیەکی موڵکدار لەدایك بووە. کەسێکی ئایینپەروەر و ڕووخۆش و قسەزان بووە (سەلیم, 2007، ل1).

دوای مردنی مەلا شێخ حەسەن, مەلا مستەفا کە کوڕی گەورەی بووە, جێگەی باوکی گرتووەتەوە. نێوبراو زانایەکی ناوداری ئایینی ناوچەکە بووە، بەهۆی هەندێك گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی و ناکۆکی لەسەر موڵکایەتی و ستەمی دەرەبەگەکان, بەناچاری گوندی زیارەتی جێهێشتووە و ڕوویکردووەتە شاری هەولێر و لە گەڕەکی قەڵات نیشتەجێ بووە. لەوێ سەرباری بەجێهێنانی ئەرکی مەلایەتی لە مزگەوتی خانەقا, خەریکی کاری بازرگانیی بووە. لەدوای مردنی سێ کوڕی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە, ئەوانیش بریتی بوون لە: (سەلیم, محەمەد, عەبدوڵڵا) (سەلیم, 2007، ل2).

حاجی سەلیم لە ساڵی 1900 لە قەڵات لەدایك بووە. مرۆڤێکی ئایینپەروەر و ناسراو و لێهاتووی شاری هەولێر بووە. وێڕای ئەوەی کەسێکی موڵکدار بووە, بەڵام هەمیشە لایەنگری چینە چەوساوەکانی کۆمەڵگای کردووە و جووتیار و کەسانی لێقەماو و پەڕاگەندەی حەواندووەتەوە (سەلیم, 2007، ل8-9). لە تەمەنی لاوێتییەوە لەنێو شاری هەولێر و ناوچەی خۆشناوەتی و ناوچە شاخاوییەکانی باشووری کوردستان, خەریکی بازرگانیی تووتن بووە. شارەزاییەکی تەواوی لە پۆلێنکاری و جۆرەکانی تووتندا هەبووە, بۆیە نازناوی (تووتنچی) پێوەلکابوو. بەهۆی ناوبانگی و شارەزاییەکەیەوە, کۆمپانیا بریتانییەکان کاریان لەگەڵدا کردووە و لەسەر داوای خۆیان چەندین جۆری تووتنی بۆ دابینکردوون (سەلیم, 2007، ل1-2؛ بێخاڵی, 2005, ل263-265). لە ساڵی 1956 کۆچی دوایی کردووە. لەدوای خۆی چوار کوڕی بەناوەکانی (عەبدوڵڵا, عادل, ئیبراهیم, مستەفا) و سێ کچی بەناوەکانی (ئامینە, شوکریە, کەلسووم) بەجێهێشتووە (بێخاڵی, 2005, ل265). (بەهار حاجی سادق چاوشلی)ی دایکی عادل سەلیم بەهەمان شێوە لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ئایینپەروەری شاری هەولێر بووە (سلیم, موقع الناس, 2012).

عادل سەلیم لە ساڵی 1933 چووەتە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی (موزەفەرییەی سەرەتایی کوڕان) لە هەولێر قۆناغی سەرەتایی خوێندووە. لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە ریزبەندیدا پلەی یەکەمی گرتووە و لەگەڵ قوتابییە یەکەمەکان سوپاس و پێزانینی پێبەخشراوە. پاشان خوێندنی ناوەندی و داوناوەندی هەر لە هەولێر تەواو کردووە. بەهۆی زیرەکی و بەرزیی نمرەکانی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەخشراوە (سلیم, موقع الناس, 2012). لە ماوەی خوێندنیدا بەهۆی چالاکی سیاسی ڕووبەڕووی فشار و گرتن بووەتەوە. تەنانەت لەکاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە ساڵی 1946-1947 بەدەست بەستراوی بۆ تاقیکردنەوەکان هێندراوە, بەڵام وێڕای ئەمەش توانیویەتی پۆلی پێنجەم کە لەو کاتەدا دوا پۆلی قوتابخانە بووە بەسەرکەوتوویی تەواوبکات. بەهۆی چالاکی سیاسیی و دەستگیرکردنی لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتی نەیتوانیوە درێژە بە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن بدات, تا ئەو کاتەی لە کۆتایی شێستەکاندا دەرفەتی خوێندنی لە یەکێتی سۆڤییەت بۆ دەڕەخسێت. لە 13ی ئابی 1969دا لەگەڵ ژمارەیەك ئەندامی دیکەی حزبی شیوعی لەڕێگەی حزبەوە بۆ خوێندن ڕەوانەی مۆسکۆ کراوە, لەوێ ماوەی ساڵێك ماوەتەوە و (ئەنیستیتیوتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان) ی تەواوکردووە. خوێندن لەو پەیمانگایەدا بەشێوەیەکی چڕ بووە و لە هەفتەیەکدا (5) ڕۆژ و لە هەر ڕۆژێکدا بۆ ماوەی (4-5) کاتژمێر بووە. پاش گەڕانەوەشی لە ناوەڕاستی ساڵی 1970 لە مۆسکۆ, لە قوتابخانەی حزبیی, کە قوتابخانەیەکی تایبەت بە پێگەیاندنی کادیرانی حزبی شیوعی بوو لە بەغدا, لە ساڵی 1970-1971بووەتە وانەبێژ و بابەتی (ئابووری سیاسیی) گوتووەتەوە (سەلیم, 8/12/ 2019؛ توماس, 12/24/ 2006).

بەهۆی سەرقاڵبوونی بە چالاکی سیاسی و بەندکردنییەوە, بە بەراورد لەگەڵ هاوسەردەمەکانی خۆی عادل سەلیم درەنگتر چووەتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. لە تەمەنی بیست ساڵییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ کچی مامی (فەتحییە مەلا محەمەد مستەفا) دا هەبووە. جگە لە پەیوەندی خزمایەتی, لە کاری حزبیی بەیەکەوە کاریان کردووە و لە خوێندندا یارمەتی داوە, بۆیە پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبووە (ام شوان، 2007، ص1). دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە لە تەمەنی (33) ساڵیدا لە ڕێکەوتی 6ی ئەیلوولی 1959 هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردووە (الحکومة العراقية,1959؛ سەلیم, 8/12/ 2019). لەم هاوسەرگیرییەشدا بوونەتە خاوەنی سێ کوڕ بەناوەکانی (شوان/ لەدایکبووی 1960, شەماڵ[1]/ لەدایکبووی 1966, هەڤاڵ/ لەدایکبووی 1969) و کچێك بەناوی (جوان/ لەدایکبووی 1961) و ئێستا هەموویان لە ژیاندا ماون. فەتحییەی هاوژینی کە هاوکار و هاوخەباتێکی بەردەوامی بووە لە کاری سیاسییدا, دوای (31) ساڵ لە مردنی خۆی, لە ساڵی 2009 لە وڵاتی سوید بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. (سەلیم, 8/12/ 2019).

**2-2 کەسایەتیی عادل سەلیم**

دەکرێت لەڕێگەی هاوڕێ و هاوخەبات و هاوسەردەمانی عادل سەلیم و ئەو نامە و دەستنووسانەی کە لەبارەیەوە نووسراون, بەشێك لە لایەنەکانی کەسایەتی ئەو ڕۆشن بکرێتەوە. زۆربەی ئەو دیدارانەی کە لەبارەیەوە سازکراون, یا ئەو سەرچاوە و دەستنووسانەی دەربارەی نووسراون, جەخت لە چەندین تایبەتمەندی کەسایەتی ئەو دەکەنەوە, وەك ئازایەتی و چاونەترسی و ڕاستگۆیی و دلسۆزی و خاکیبوون و زیرەکی و بیرتیژی و نیشتمانپەروەری.

هێمنی و پشوودرێژی بە سیفاتگەلی گرنگی کەسایەتی مرۆڤ ئەژمار دەکرێن, بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی چالاکی سیاسی بەشێکی بەرچاوی ژیانیان پێکدەهێنێت. عادل سەلیم لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا تاڕادەیەکی باش کەسێکی لەسەرخۆ و پشوودرێژ بووە, بەڵام لە هەمان کاتدا تا خۆی باوەڕی بە کارێك نەبووایە, زەحمەت بوو لەژێر کاریگەری بۆچوون و بڕوای کەسانی دیکە ئەنجامی بدات (سادق، 24/7/ 2007, ل2). لەوبارەیەوە (کەریم ئەحمەد) دەڵێت: "هاوڕێ عادل پشووی درێژ بوو و بە دەگمەن تووڕە دەبوو, بەڵام کە تووڕەبووایە ئەوا گەلێ درەنگ سارد دەبووەوە, من زۆر باش شارەزایی تەبیعەتی هاوڕێ عادل بووم هەتا خۆی بڕوای بە شتێك نەهێنایە لە حوکمی مەحاڵ بوو یەکێك قەناعەتی پێ بهێنایە" (بە وەرگرتن لە: هەریری, 2008، ل49). واتە ئەو

بە ئاسانی نەدەکەوتە ژێر کاریگەری بۆچوونی کەسانی دیکە، بەتایبەتی ئەگەر ئەمە پەیوەندی بە گۆڕینی بۆچوونی سیاسی و هزرییەوە هەبووبێت.

متمانەبەخۆبوون و دەربڕینی بۆچوونەکانی بەڕوونی و بەبێ ترس و دوودڵی بەشێك بوون لە کەسایەتیی عادل سەلیم. لەو بارەیەوە هاوڕێیەکی خۆی بەم شێوەیە پەسنی کردووە: "خاوەن دەنگێکی ڕوون و نەرم بوو, دوودڵ نەبوو لەو قسانەی دەیکرد و بەردەوام متمانەی بەخۆی هەبوو. بۆچوون و تێڕوانینەکانی ڕوون و ئاشکرا بوون و توانای کاریگەریی لەسەر ئەوانی دیکە هەبوو, شێوازی گوزارشتکردنی زۆر دوور بوو لە پێچ و پەنا و بەکارهێنانی وشەی بریقەدار. قسەی ڕاستی دەگوت بەبێ خاترگرتنی هیچ کەسێك یا ترس و دوودڵی هەبێت" (العبیدی، 2007، ص1), بۆیە عادل سەلیم لە ژیانیدا بە سیفەتی ئازایەتی و قسەلەڕوویی ناسراوەتەوە. لەو شوێن و کاتانەی کە پێویستی کردووە قسەی خۆی هەبێت و هەڵوێست بنوێنێت, بەبێ ترس و سڵکردنەوە بە ئاشکرایی و هەندێك جار بە زمانێکی توند بۆچوونەکانی خۆی ڕاگەیاندووە. بەتایبەتیش لە بەرامبەر بەرپرسانی حزبی بەعس لە عێراقدا, لە چەندین کۆبوونەوە و دیداردا بە ئاشکرایی و بەبێ خاترگرتن ڕەخنەی لە ڕەفتارەکانی حزبی بەعس بە ئامادەبوونی بەرپرسانی هەرە باڵای ئەو حزبە گرتووە (بانیخێڵانی, 11/12/ 2001، ل1), (عەزیز محەمەد)[2] یش لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە کاتی جەبهەمان لە گەڵ بەعس ، هەمیشە بووەتە سەرچاوەی نارەحەتی بۆیان ، کۆبوونەوە نەبوو ڕەخنەکانی ئاراستەی بەعسییەکان نەکات" (سلیم, 2019، ج1، ص2). تەنانەت لە کۆبوونەوەکاندا بە ئامادەبوونی خودی (سەدام حوسێن) ڕەخنەی لە ڕەفتارەکانی حزبی بەعس گرتووە, وەك لە دواتردا باسی لێوە دەکەین.

عادل سەلیم خاوەنی چەندین بەهرە بووە, لەوانەش هونەری وێنەکێشان. کەسێکی دەستڕەنگین بووە لە نیگارکێشان و چەندین وێنە و تابلۆی جیاجیای کێشاوە. هەروەها یاریزانێکی باشی شەترەنج بووە, لەماوەی بەندیخانەدا زێتر پەرەی بەو بەهرەیە داوە, بەشداری لە چەندین پێشبڕکێدا کردووە و لە زۆربەی کاتدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. جگە لەمانە شارەزاییەکی باشی لە بواری پزیشکیدا هەبووە, لەو ماوەیەی لە بەندیخانەدا بووە لەسەر دەستی ژمارەیەك پزیشك و یاریدەدەری پزیشکی لەوانەش (د. ڕافد بابان, د. قوتەیبە شێخ نووری, د. فازیل تائی, محەمەد حسێن بامەڕنی), فێری دەرزی لێدان و فریاکەوتنی سەرەتایی و برینپێچی و ناسینەوەی جۆرەکانی دەرمان و بەکارهێنانیان بووە. بۆیە هاوشان لەگەڵ پزیشکەکان کاری برینپێچی و فریاگوزاری سەرەتایی بۆ بەندییەکان کردووە. هەروەها لە ماڵەوەش خاوەنی دەرمانخانە بووە و چەندین جۆری دەرزی و دەرمانی تێدابووە, لە زۆر کاتدا خۆی چارەسەری ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆیانی کردووە، هەر بۆیە لە ناوچەکەش بە دکتۆر عادل ناوی دەرکردووە (هەریری, 2008, ل28-29).

عادل سەلیم کەسێکی ڕووناکبیر بوو و بەشێکی زۆر لە کاتەکانی ژیانی بۆ خوێندنەوە تەرخانکردووە، لەڕێگەی ڕۆشنبیرییەکەیەوە هەوڵی وشیارکردنەوەی خەڵکی داوە (هەریری, 2008, ل52). عەزیز محەمەد لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە سەرەتای چلەکانەوە کاك عادل سەلیمم ناسی، گەنجێکی ڕۆشنبیر و هێمن و لەسەرخۆ بوو, لە بنەماڵەیەکی دیار و دەوڵەمەندی شاری هەولێر بوو.. من یەکەم جار لە چایخانەی (شێخە شەل) چاوم پێی کەوت، ئەوکات شوێنی گردبوونەوەی گەنجە شۆڕشگێرەکانی هەولێر بوو. لەوێ قسەی بۆ ئامادەبووان دەکرد, بە هۆی ئەوەی عەرەبی زانێکی باش بوو، ڕۆژنامەی عەرەبی و وتاری وەردەگێڕا سەر زمانی کوردی و بۆمانی دەخوێندەوە" (سلیم, 2019، ج1، ص17).

**3. ڕۆڵی سیاسیی عادل سەلیم (1941-1956):**

**3-1 سەرەتاکانی ژیانیی سیاسیی 1941-1946**

هەر لە سەردەمێکی زووەوە عادل سەلیم تێکەڵ بە چالاکی سیاسی بووە. لەو کاتەی قوتابی ئامادەیی بووە لە ساڵی 1941 بووەتە ئەندامی حزبی هیوا, کە ئەو کات وەك حزبێکی نهێنی زیاتر دەستەبژێری خوێندەوار و قوتابی و ڕۆشنبیران دەچوونە نێو ڕیزەکانییەوە. عادل سەلیم لەڕێگەی (موسا عەبدولسەمەد)ی پورزایەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبەکەوە کردووە. ناوبراو یەکێك لە دەستەی دامەزرێنەرانی حزبەکە بوو, لە پرسە سیاسییەکاندا لەو هۆشیارتر و بەتەمەنیش هەشت ساڵ لەو گەورەتر بوو, هەروەها پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەبوو, بۆیە لەڕێگەی پێدانی ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەدەبیاتی حزبەوە, توانیویەتی کاریگەری بخاتە سەری و ڕایکێشێتە نێو ڕیزەکانی حزبی هیواوە. دیارە لەو سەردەمەدا خزمایەتی و نزیکایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئەندامێتی حزب و چالاکی سیاسییدا هەبووە, چونکە ئەو بابەتانە بەهۆی نهێنی بوون و قەدەغەبوونەوە, تەنیا لای ئەو کەسانە باس دەکران, کە جێگەی متمانە بوون. بەهۆی چەکەرەکردنی ئاراستەی کۆمۆنیزمی لەلای عادل سەلیم, ڕیزەکانی حزبی هیوای جێهێشت و لە ساڵی 1943 پەیوەندی بە ڕیزەکانی (کۆمەڵی میللەت)ەوە کرد, کە ڕێکخستنێکی مارکسی بوو لە هەولێر. هەر لەو ساڵەدا بەهۆی چالاکی سیاسییەوە لە شاری هەولێر بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا دەستگیرکرا, کە ئەو کات قوتابی قۆناغی ئامادەیی بوو. دوای ئازادبوونی

شارەکەی خۆی جێهێشت و ڕوویکردە شاری بەغدا و لەوێوە درێژەی بە چالاکی سیاسییدا, هەر لەو ماوەیەش بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی وەك کرێکاری بیناسازی لە بانکی ناوەندی لە بەغدا کاری کردووە و هزری چەپ و کۆمۆنیزمی لەنێو کرێکاراندا بڵاوکردووەتەوە. دوای هەڵوەشانەوەی ڕێکخستنەکە, لە کۆتاییەکانی ساڵی 1944دا (یەکێتی تێکۆشین) دامەزرا و عادل سەلیم بووە ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوە مارکسییە. لەدوای دامەزراندنی حزبی شیوعی لە کوردستان (حزبی شۆڕش) لە ساڵی 1945 بووەتە ئەندامێکی دیاری ئەو حزبە و چالاکی سیاسی تێدا ئەنجامداوە. بەم شێوەیە عادل سەلیم تا هەڵوەشانەوەی حزبەکە لە هاوینی 1946 لەنێویدا مایەوە (سلیم, 2019، ج1، ص3).

**2-3 ڕۆڵی سیاسی لەنێو حزبی شیوعی عێراقدا 1946-1953**

دوای ئەوەی لە هاوینی 1946 حزبی شۆڕش بڕیاری هەڵوەشانەوەی حزبەکەیاندا و ئەندامانیان تێکەڵ بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە بوون، عادل سەلیمیش وەك یەکێك لە ئەندامەکانی حزبی شۆڕش چووە نێو ڕیزەکانی حزبەکەوە. دوای ئەوەی لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە ساڵی 1946-1947 دەستگیرکرا و دواتر ئازادکرا، وەك لەپێشتردا ئاماژەی پێکرا، بۆیە لەسەر بڕیاری حزب شاری هەولێری جێهێشت و ڕوویکردە شاری بەغدا. لەوێ لای هاوڕێیەکی ژیاوە، کە مامۆستا بووە لە کۆلێژی زانست. ماوەیەك وەك چاودێر لە باڵەخانەی بانکی ناوەندی کاریکردووە، کە تازە بنیات دەنرا. پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ کرێکارانی ئەوێ بەستاوە و بیروبۆچوونی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی لەنێویاندا بڵاوکردۆتەوە و هەوڵیداوە لەنێو ڕیزەکانی حزبی شیوعی ڕێکیانبخات (طريق الشعب, 22/10/ 1978). لە ساڵی 1948عادل سەلیم کە ناوە خوازراوە حزبییەکەی (بەدیع) بووە، وەك یەکێك لە ڕێکخەر (منظم)ەکانی حزبی شیوعی کاریکردووە. ئەو کاتە بەغدا لەڕووی ڕێکخستنی حزبییەوە بۆ سەر پێنج کەرت دابەشکراوە، کە بریتی بوون لە کەرتەکانی: (کازمییە و ئەدهەمییە و کەرخ و هەردوو کەرتی باکوور و باشوور) (بطاطو, 2005, ص291). عادل سەلیم بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کەرتی (کازمییە) بووە، لە هەمان کاتیشدا بەرپرسی ڕێکخستنەکانی قوتابخانەکانی (ئەعزەمییە) بووە. لە بڵاوکراوەی (ئینسکلۆپیدیای نهێنی تایبەت بە حزبی شیوعی عێراقی)، کە لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس-هۆبەی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری بەغدا) لە ساڵی 1949 دا دەرچووە، چەندین جار ناوی عادل سەلیم هاتووە و بە یەکێك لە دیارترین ئەندامە چالاکەکانی حزب لەو شارەدا ئەژمارکراوە (بڕوانە: موسوعة سرية، 1949، ص592-877،875،867،593، 882،879).

یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی چالاکی سیاسی ئەندامانی ئەو کاتەی حزبی شیوعی، بریتی بوو لە گەیاندن و دابەشکردنی بڵاوکراوە و ڕاپۆرت و نامەکانی حزب بەسەر ڕێکخستن و ئەندامان لەنێو لیوا و ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا. ئەو خانووەی کە عادل سەلیم لە گەڕەکی (قاترخانە) لەگەڵ هەریەك لە (عاسم حەیدەری و عومەر عەلی شێخ ـباوکی فاروق-) تێیدا نیشتەجێ بوو، خانووێکی حزب بوو، کە شوێنی دابەشکردنی بڵاوکراوە و ڕاپۆرتی حزب بوو بەسەر ئەندامان. ئەو بڵاوکراوانە لە چاپخانەی (ئەمەل) بەسەرپەرشتی (سەید حەسەن سەید عەبود)، کە ناوەندی وەرگرتنی ڕۆژنامە و نامە و ڕاپۆرتە حزبییەکان بووە، گەیشتوونەتە دەستی عادل سەلیم و ئەویش بەسەر بەشێك لە ڕێکخستنەکانی بەغدا دابەشی کردوون (موسوعة سرية، 1949، ص592-593).

چالاکییەکانی حزبی شیوعی و فراوانبوونی ڕێکخستنەکانی لە کۆتایی چلەکانەوە، بووە مایەی وریابوونەوە و جێگەی سەرنجی حکومەتی پاشایەتی و عێراق و دەزگا ئەمنییەکان، بۆیە ڕێکخستنەکانی حزب لە بەغدا ڕووبەڕووی پەلاماری دەستگیرکردن بوونەوە (الطائي, 2013, ص172). بەتایبەتی دوای دەستگیردنی سکرتێری حزب یوسف سەلمان یوسف ناسراو بە (فەهد 1901-1949) (لەبارەی دەستگیرکردن و لەسێدارەدانی فەهد بڕوانە: النداوی، 2017، ص212-218) و هەرەسهێنانی بەشێك لە سەرکردەکان کە زانیاری زۆریان بە دەزگا ئەمنییەکان دا و بوونە هۆکاری دەستگیرکردنی دەیان ئەندامی حزب (سباهي و الصافي، 2003، ص10-11). لەم چوارچێوەیەشدا دوای ئەوەی یەکێك لە ئەندامانی حزب بەناوی (مەجید ڕەئوف) دەستگیردەکرێت، لەکاتی گرتنیدا هەرەس دەهێنێت و شوێنی حەوانەوەی عادل سەلیم بە پۆلیس ڕادەگەیەنێت (موسوعة سرية، 1949، ص). بەم شێوەیە لە کاتژمێر (12) ی شەوی 17ی شوباتی 1949 عادل سەلیم لەگەڵ هەریەك لە (عاسم حەیدەری و عومەر عەلی شێخ) لە خانووەکەی خۆیاندا لە گەڕەکی (قاترخانە) دەستگیرکران، دواتر ڕەوانەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری) کران. هیچ یەکێکیان زانیارییان لەبارەی یەکترییەوە بە پۆلیس نەداوە، بۆیە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان بوونەتەوە. لەوبارەیەوە (عومەر عەلی شێخ) دەڵێت: "دوای لێپرسینەوەی سەرەتایی، هیچ زانیارییەکیان لە ئێمەوە بەدەستنەهێنا، بەتایبەتی هیچ یەکێکمان زانیاریمان لەسەر یەکتری ئاشکرا نەکرد و دانمان بەهیچ شتێك دانەنا. ئەمە لەکاتێکدا هەرسێکمان لەیەك ژووردا زیندانیکرابووین, بۆیە دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانمان. ئەشکەنجەکە لە سەرەتادا فەلاقەکردن بوو، دواتر هەڵواسینمان بوو بە پەنجەرە، هەر لە شەوەوە تا بەیانی، لە کەش و هەوایەکی سارد و سەختی مانگی شوباتی بەغدادا" (الشيخ, 22/11/2001, ص1).

پاشان لەگەڵ هاوڕێكانی گواستراوەتەوە بۆ گرتووخانەی (ئەبوغرێب) و لە ژووری تاكەكەسی بەندكراون. خواردنی خراپیان پێدراوە و ڕێگریان كردووە لە پەیوەندیكردنی بەندكراوەكان بەیەكترییەوە. دوای دوو مانگ جارێكی دیكە بۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێكۆڵینەوەی تاوانكاری) گواستراوەتەوە (الشیخ, 2001/11/22, ص1). لەسەر دانپێداهێنانی چەند ئەندامێكی حزب چەند تۆمەتێك ڕووبەڕووی عادل سەلیم كرایەوە. لەوانەش هەریەك لە (سەبری عەبدولكەریم و ڕەفیق چالاك و مەجید ڕەئوف) وەك شایەتحاڵ، شایەتی ئەوەیان داوە ناوبراو ئەندامە لە حزبی شیوعی و بەرپرسی ڕێكخستنەكانی كەرتی باكوورە، هەروەها كاغەزی داواكردنی بۆ كاندیدبوونی لە ڕیزەكانی حزب لە ماڵەكەی دۆزراوەتەوە و خۆشی دانی بەوەداناوە، كە ئەندامی حزبی شیوعییە. بەڵگەیەكی دیكەی تاوانباركردنی ئەوەبوو، لە مۆڵگە (وكر)ێكی شیوعیدا دەستگیركراوە، كە بڵاوكراوەیەكی زۆری حزبی شیوعی لەلابووە (موسوعة سرية، 1949، ص867). بۆیە لە 23ی نیسانی 1949 لەگەڵ (24) ئەندامی دیكەی حزب پەڕاویان ڕەوانەی دادگا (ئەنجومەنی عورفی سەربازی) كرا بەمەبەستی دادگایی كردنیان (موسوعة سرية، 1949، ص877).

لە 26ی نیسانی هەمان ساڵدا لە دادگایەكی ڕووكەشانەدا، بڕیاری تاوانباركردنیان دەرچوو. تۆمەتی ئەوەیان خرایە پاڵ، كە كاری ئاژاوەگێڕی دەكەن و ئاسایشی شانشینی عێراق دەخەنە مەترسیەوە، هەوڵیانداوە بە هەر ئامرازێك بێت سیستەمی حوكمڕانی لە وڵاتدا بگۆڕن، بۆیە بەگوێرەی یاسای سزادانی بەغدای ژمارە (51) ی ساڵی 1938 سزا دران. بەم شێوەیە عادل سەلیم فەرمانی بەندكردنی بۆ ماوەی (7) ساڵ لەگەڵ كاری قورس بۆ دەرچوو. دوای ئازادكردنیشی بۆ ماوەی دوو ساڵ پێویستە بخرێتە ژێر چاودێری پۆلیسەوە (موسوعة سرية، 1949، ص879-880).

دوای مانگێك لە مانەوەی عادل سەلیم لە گرتووخانەی گشتی بەغدا، ڕەوانەی گرتووخانەی (نوگرە سەلمان) كرا، كە لەو كاتەدا زیاتر لە (200) بەندكراوی شیوعی تێدابوو. بەشێوەیەكی گشتی بارودۆخی بەندكراوان لەوێدا باش بوو، زۆر جار لە گۆڕەپانی بەندیخانەكەدا لەگەڵ بەندكراوانی دیكەدا یەكتریان دەبینی و باس و خواسی سیاسی و كاروباری حزب دەكرا. دوای ساڵ و نیوێك بەندكراوان مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاند و داوایان كرد بگوازرێنەوە ئەو بەندیخانانەی كە لە كەس و كاری خۆیانەوە نزیكن. دوای (21) ڕۆژ لە مانگرتن داواكارییەكانیان هاتەدی. بەم شێوەیەش عادل سەلیم بۆ گرتووخانەی بەغدا گوازرایەوە. (الشیخ, 2001/11/22, ص2). دوای بەسەربردنی ماوەی زیندانییەكەی، بۆ تەواوكردنی دوو ساڵی ژێر چاودێری پۆلیس بۆ شارۆچكەی (بەدرە)ی سەر سنووری ئێران دوورخراوەتەوە. تا ساڵی 1957 لەوێ ماوەتەوە و دواتر بە كەفالەت ئازاد كرا و گەڕایەوە شاری هەولێر (سلیم, 2019، ج1، ص3).

**3-3 ڕۆڵی لەنێو ڕیزەكانی ئاڵای كارگەران (راية الشغيلة) 1953-1956**

لە 6ی شوباتی 1953 جیابوونەوەیەك لەنێو بەندكراوانی حزبی شیوعی لە بەندیخانەكانی بەغدا ڕوویدا. بەیاننامەیەكیان بەناوی (ڕزگاركردن) بڵاوكردەوە، كە مەبەستیان ڕزگاركردنی حزب بوو لەو سەركردایەتییە و هێرشێكی توندیان كردە سەر بەهائەدین نووری و بە كەسێكی توندڕەو و هەڵپەرست ناوزەدیان كرد، ئەمەش زێتر كاردانەوە بوو لە بەرامبەر سیاسەتی بەهائەدین نووری و سەركردایەتیكردنی حزبی شیوعی لەو قۆناغەدا. لە ئاداری 1953 (73) ئەندامی حزبی شیوعی، كە خۆیان بە (قوتابیانی فەهد) ناساند و زۆربەیان سەر بە ڕێكخستنەكانی هەولێر و سلێمانی و بەغدا و كەربەلا بوون، لەژێر ناوی (حزبی شیوعی عێراق-سەركردایەتی ناوەندی) جیابوونەوەی خۆیان لە حزبی شیوعی ڕاگەیاند و ڕۆژنامەیەكیشیان بەناوی (راية الشغيلة/ ئاڵای كارگەران)ەوە دەركرد، كە دواتر هەر بەناوی ڕۆژنامەكەیانەوە ناسران. لە بەرامبەریشدا بەهائەدین نووری ئەوانی بە (لادەرە ڕاستڕەوەكان) و (بەكرێگیراوانی كۆشك) ناوزەد كرد (بطاطو، 2005، ص336). چالاكییەكانی ڕێكخراوەكە دوای ڕاكردنی جەمال حەیدەری (1926-1963) لە بەندیخانە زێتر بوون، بەشێوەیەك ناوبراو بووە ڕێبەر و بزوێنەری سەرەكی ڕێكخراوەكە (الحيدرى، 2004، ص174؛ عەلی، 2019، ل 71-72).

لەكاتی ڕاگەیاندنی ڕێكخراوی ئاڵای كارگەران عادل سەلیم لە گرتووخانەی (بەغدا) بوو. لەگەڵ هەریەك لە (عەزیز محەمەد، حەمزە سەلمان ئەلجبوری 1925-1963، حەسەن عوینە، نافیع یونس 1925-1963، عەدنان بەڕاك، ئیبراهیم شائول) و چەندان ئەندامی دیكە پەیوەندی بە ڕیزەكانی ڕێكخراوەكەوە كرد (الحلوائي، 5/26/ 2005). هۆكاری سەرەكی پەیوەندیكردنی بە ڕێكخراوەكە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، كە ئەو هەمیشە وەك زۆربەی كادیرانی حزب لەگەڵ بەرنامەی فەهد بوو. لەدوای ئەوەی كە بەهائەدین نووری بەرنامەی نوێی دانا، ئەمە بەبێ گەڕانەوە بۆ بۆچوونی كادیرانی حزب، لە گۆنگرە یان كۆنفرانس یان كۆبوونەوەی لێژنەی مەركەزی. مەترسی گۆڕینی بەرنامەی حزب لەو كاتەدا دەبووە هۆی گۆڕینی ستراتیژیەتی حزب لە حكومەتی نیشتمانی دیموكراتی بۆ كۆماری میللی (چین بەنموونە)، ئەوەش بەڕای كادیرانی حزب كە زۆربەیان لە زیندان بوون لادان بوو لە بەرنامەی حزب (گەڵاڵەنامەی فەهد). هاوڕێیانی ناڕازی لە گەڵاڵەنامەی باسم، كە عادل سەلیمیش یەكێك بوو لەوان و تێبینیان لەسەر گەڵاڵەنامەكە

هەبوو، بەبۆچوونی ئەوان گەڵاڵەنامەكە دەبووە هۆی بازدان بەسەر ئەو قۆناغانەی، كە بزاڤی نیشتمانی پێیدا تێپەڕدەبێت، بەشێوەیەك قۆناغی (ڕزگاری نیشتمانی) ناهێڵێت، چونكە ئەوان (دیموكراسییەتی میللی)یان بە بانگەشەكردن بۆ دامەزراندنی (دیكتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا) ڕاڤەكردبوو، كە ئەوەش هیچ گرنگییەگ بۆ گردبوونەوەی هێزە نیشتمانییەكان دانانێت، كە (فەهد) لە گەڵاڵەنامەی حزب گرنگی پێداوە. (الحیدری، 2004، ص166؛ الحلوائي، 26/5/ 2005؛ سەلیم، 26/3/ 2020).

دوای ئەوەی عادل سەلیم ماوەی فەرمانی زیندانییەكەی تەواوبوو و بۆ بەسەربردنی ماوەی دوورخستنەوەی گوازرایەوە بۆ بەدرە، لەوێ بووە بەرپرسی ڕێكخستنەكانی ئاڵای كارگەران (سلیم, ج1, ص11). دوای سێ ساڵ لە كار و چالاكی ڕێكخراوی ئاڵای كارگەران، هەوڵەكان بەرەو ئەوەبوون كە دانوستان لەگەڵ حزبی شیوعی بكرێت و تێكەڵ بە ڕیزەكانی حزب ببنەوە. خاڵە ناكۆكەكانی نێوان هەردوولا لەبارەی دوو مەسەلەوە بوو، یەكەمیان: دانانی حزب بەوەی كە لەكاتی لێكترازانەكە هێڵێكی چەپڕەوانەی هەبووە، ئەوەبوو لێژنەی مەركەزی لە بڕیارەكانی حوزەیران و تەمموزی 1955 دانی پێداهێنا. دووەمیان: ڕێكخراوی ئاڵای كارگەران لەلایەن خۆیەوە دان بنێت بە هەڵە و زیانی ئەو هەنگاوە كەرتكارییەی كە لەناو حزبدا ئەنجامیان داوە. بەم شێوەیە دوای گفتوگۆ هەردوولا گەیشتنە ڕێكەوتن و ئاڵای كارگەران لە 13ی حوزەیرانی 1956 بەیاننامەیەكی دەركرد و دانی نا بە هەڵەبوونی كەرتكارییەكەی و دامەزراندنی ڕێكخراوێكی تایبەت. لێژنەی مەركەزی حزبی شیوعیش لە 17ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا پێشوازی لە گەڕانەوەی ئەندامان كرد و داوای بەهێزكردنی یەكریزی حزبی كرد، هەروەها ڕەخنەشی لەو پێوەرە بیرۆكراتییانە گرت، كە مامەڵەی پێ لەگەڵ گرفتە فیكری و سیاسییەكانی هاورێیان كراوە (سباهی، ج2، 2003، ص173). دوای بڕیاری هەڵوەشانەوەی ڕێكخراوەكە، عادل سەلیم لە سەرەتادا ڕەتیكردەوە بگەڕێتەوە نێو ڕیزەكانی حزب. هۆكارەكەشی ئەوەبوو، لە بەیاننامەی خۆهەڵوەشاندنەوەی ئاڵای كارگەران، پرۆسەی لێكترازان و جیابوونەوەی ڕێكخراوەكە بە زایۆنیزم بەستراببووەوە، گوایە ئەمە ڕۆڵی لەو لەتبوونەدا هەبووە، بەڵام عادل سەلیم باوەڕی بەوە نەبوو هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان لێكترازانەكە و زایۆنیومدا هەبووبێت، ئەمەشی بە تانەیەكی بێ بنەما دانابوو (الشیخ, 25/11/2001, ص3).

**4. هەڵوێست و ڕۆڵی سیاسیی عادل سەلیم (1956-1970)**

**1-4. ڕۆڵی سیاسیی عادل سەلیم لەنێوان ساڵانی 1956-1963**

دوای هەڵوەشانەوەی ئاڵای كارگەران و پاش ماوەیەكی كەمی دابڕان لە چالاكی حزبی، لە ساڵی 1957 عادل سەلیم جارێكی دیكە گەڕایەوە بۆ ژیانی حزبایەتی و بۆ نێو ڕیزەكانی حزبی شیوعی (ئەحمەد، كەریم، 12/9/ ١٩٩٨؛ الشیخ, 22/11/2001, ص٣).

دوای تەواوبوونی ماوەی زیندانی و دوورخرانەوەی لە 16ی تشرینی یەكەمی 1957 عادل سەلیم لە شارۆچكەی بەدرەوە گەڕایەوە شاری هەولێر و بەشێوەی نهێنی خەریكی كاری ڕێكخراوەیی بوو لە شارەكەدا، تا بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958. دوای هەڵگیرسانی شۆڕش قۆناغێكی نوێی سیاسی و ژیانی حزبایەتی هاتەكایەوە، بەتایبەتیش كاركردنی ئاشكرایی و بەرفراوانبوون و پەرش و بڵاوبوون و زیادبوونی ئەركەكانی حزبی شیوعی، بۆیە عادل سەلیم لەگەڵ ئەندامانی دیكەی حزب پشكداریكرد لە پاڵپشتیكردن و هاوكاریكردنی شۆڕش و ڕێكخستنەكانی حزب (سلیم، موقع الناس، 11/9/ 2007). لەو كاتەدا (لێژنەی محەلی حزبی شیوعی) لە لیوای هەولێر كاروباری حزبیی ناوچەكەی بەڕێوەدەبرد. لە ئاداری 1959دا كۆبوونەوەی لێژنەكە بۆ هەڵبژاردنی سكرتێر و ئەندامانی نووسینگە ئەنجامدرا، لەو كۆبوونەوەیەدا پارێزەر (نافیع یونس) بە سكرتێری لێژنەكە و هەریەك لە عادل سەلیم و (یوسف حەننا یوسف -ئەبو حیكمەت-) وەك ئەندامی نووسینگەی لێژنەكە هەڵبژێردران (مەلا حەسەن، 25/9/ 2001، ل2). سەرباری ئەوەش عادل سەلیم لەلایەن حزبەوە بۆ چەندین شار و ناوچەی جیا جیای نێردراوە، لەوانەش سلێمانی و كەركوك (ابو جبار, 20/11/ 2001, ص1).

دوای هەنگاوەكانی عەبدولكەریم قاسم بەرەو تاكڕەوی و پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنانەی كە بە خەڵكی شۆڕشگێڕی دابوو، هەر لە ساڵی (1960)ەوە پەیوەندییەكانی لەگەڵ حزبی شیوعی گرژی تێكەوت، بۆیە ڕێكخستنەكانی حزب كەوتنە ژێر چاودێری دەزگاكانی ئەمن و پۆلیس. لەبەرئەوەی عادل سەلیم ئەو كاتە لە شاری هەولێر وەك ئەندامێكی چالاكی حزبی شیوعی ناسرابوو وماڵەكەشی بووبووە ماڵێكی حزبیی (سلیم, 2019, ج1, ص18). لە ساڵی 1960 بە بڕیاری حزب ماڵی گواستەوە بۆ شاری سلێمانی و لەگەڵ (فەتحییە)ی هاوسەری لە گەڕەكی (مەڵكەندی) گیرسانەوە. بۆ كاری ڕێكخستن بەنهێنی لەوێ پەیوەندی بە ڕێكخراوی حزب كرد. لە سلێمانی لەماوەی ساڵێكدا چەندین گەڕەكیان گۆڕیوە، لەوانەش (تووی مەلیك و سابوونكەران). فەتحییەش بووە (تەتەر)ی حزب لەنێوان شارەكانی كوردستاندا. چەندین جار نامە و بڵاوكراوەی حزبی و كەرەستەی چاپی لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا ئاڵوگۆڕ كردووە. بەهۆی بوونی دوو منداڵی بچووك، بە ئاسانی لە پرسگەكان بەڕێدەكرا و تووشی گرفت نەدەبوو، بۆیە لە هەر دەرچوونێكدا منداڵەكانیشی لەگەڵ خۆی بردووە. لە تەمموزی 1961 لەكاتی ئەنجامدانی چالاكی حزبی لەناو شاری سلێمانی عادل سەلیم لەلایەن

کەسێکەوە، کە پێشتر لەسەردەمی پاشایەتی پۆلیس بووە و ناسیویەتی و ئەشکەنجە و ئازاری زۆری داوە، پەلامار دراوە و هەوڵی کوشتنی دراوە، بەڵام توانیویەتی خۆی ڕزگاربکات. ئیتر دوای ئەو ڕووداوە ناچار شاری سلێمانی جێهێشتووە و هاوسەر و منداڵەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ هەولێر و خۆشی لەسەر بڕیاری حزب ڕوودەکاتە شاری کەرکوك (هەریری، 2008، ل1-4).

لە شاری کەرکوك خانوویەکی بچووکی بەکرێ گرت و کاروباری حزبی و ڕێکخستنی تێدا ئەنجام داوە. لەوێ خۆی وەك کەسێکی موڵکدار ناساندبوو و ناوی نهێنیشی (عەدنان) بوو، بە هەمان شێوەی سلێمانی لە کەرکوکیش بەهۆی کاری حزبییەوە چەندین گەڕەکی گۆڕیوە. لەوانەش گەڕەکی (ئیمام قاسم) و گەڕەکی (ئەڵماس)، فەتحییەش بووە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کەرکوك و موسڵ و هەولێر. لە ئاداری 1962 کاتێك عادل سەلیم پۆستەی حزب و چەندین گولەی دەمانچەی پێدەبێت، لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری کەرکوك بە ڕێکەوت مەفرەزەیەکی پۆلیس چواردەوری دەگرن و داوای ناسنامەی لێدەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی پێی نەبووە گومانی لێدەکەن و دەیبەن بۆ بنکەی پۆلیس، ئەو لەڕێگەدا فیشەکەکان قووت دەدات و پۆستەکانیش فڕێ دەدات، بەبێ ئەوەی هێزەکانی پۆلیس پێی بزانن. لەکاتی لێپرسینەوەی لە بنکەی پۆلیسدا شوناسی حزبیی خۆی ئاشکرا دەکات و دان بەوەدادەنێت، کە ئەندامە لە حزبی شیوعی، هۆکاری خۆئاشکراکردنیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەو وایزانیوە مەفرەزەکە ناسیویانە. بەڕێوەبەری بنکەکە کە ناوی (نوری خەیات) بوو، دەیناسێتەوە، چونکە پێشتر نێوبراو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بووە (هەریری، 2008، ل7-8). چەندین ڕۆژ لێکۆڵینەوە لەگەڵی بەردەوام دەبێت، بەڵام عادل سەلیم هیچ جۆرە بێ هێزییەك نیشان نادات، لەوێ ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دەدرێت. دوای چەند ڕۆژێك لە گیرانی فەتحییەی هاوسەری سەردانیکردووە و بەچاوی خۆی شوێنەواری ئەشکەنجەی لەسەر جەستەی بینیوە (هەریری، 2008، ل10).

عادل سەلیم، کە ئەو کاتە ئەندامی لێژنەی لقی کوردستانی[3]حزبی شیوعی بوو (سباهی، ج2، 2003، ص563)، لە زیندانەوە نامەیەك بۆ نووسینگەی لێژنەی لقی کوردستانی حزب ڕەوانە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات لەکاتی گرتندا با هیچ ئەندامێکی حزب خۆی ئاشکرا نەکات و هەڵەی من دووبارە نەکاتەوە، چونکە ئەگەر نەمگوتبا شیوعیم نەیاندەناسیم و ئازاد دەکرام. ئەو ڕێنماییەی عادل سەلیم بووە بڕیاری لقی کوردستان و داوا لە ئەندامان کرا پێیەوە پابەند بن. ئەمەش بووە هۆی ڕزگاربوونی زۆرێك لە ئەندامانی حزب لە زیندانیکردن (بانیخێلانی، 11/12/ 2001، ل3). پاشان هەر لە هاوینی 1962 دا عادل سەلیم گوازراوەتەوە بۆ گرتووخانەی (حیللە) (شێخانی، 1/27/ 2003، ل1-2).

**2-4. ڕۆڵی سیاسیی عادل سەلیم لەنێوان ساڵانی 1963-1970**

کودەتای 8ی شوباتی 1963 ی بەعسییەکان لە عێراقدا، لێدانێکی گەورە بوو لە حزبی شیوعی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و بەرپرسانی ئەو حزبە گیران و ئەشکەنجە دران و کوژران. لەوانەش: (سەلام عادل، جەمال حەیدەری، نافیع یونس). لەکاتی کودەتاکەدا عادل سەلیم، لە گرتووخانەی (حیللە)ەوە بۆ گرتووخانەی (نوگرە سەلمان) گوازرایەوە، مەترسی لەسەر ژیانی هەبوو، کە ئەگەر بەعسییەکان بیدۆزنەوە بیکوژن. تەنانەت کەسێکی نزیکی ئەو بەناوی (مستەفا سەلیم) لە ڕەشبگیری حەرەس قەومییەکان لە شاری هەولێر دەستگیرکراوە، لە گرتووخانەدا ئەشەنجە و ئازارێکی زۆر دراوە تا ناونیشان و شوێنی عادل سەلیمیان بۆ ئاشکرا بکات کە لە کام گرتووخانەیە، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە و ئاماژەی بەوە کردووە ئێوە خۆتان حکومەتن هەموو شتێك دەزانن، تەنیا ئەوەندە دەزانم دەڵێن گیراوە، بەڵام نازانم لە کوێیە. لەبارەی ڕزگاربوونی لەدەستی بەعسییەکان عادل سەلیم دەڵێت: "لە گەرمەی کودەتاکەدا شپرزەیی پیلانگێڕان تەشەنەی دەکرد، هەر لە گەرمەی ئەو شپرزەیی و فەوزایەدا، چەندەها هاوڕێ و کەسایەتی نیشتمانپەروەر، کە منیش یەکێك بووم لەوان، لەنێوان بەندیخانەکانی (بەغدا، حیللە، باقووبە، نوگرە سەلمان، کەرکوك) نەدۆزراینەوە و بەڕێکەوت لەدەست کودەتاچییەکان ڕزگارمان بوو" (هەریری، 2008، ل26). لەناو بەندیخانەدا عادل سەلیم بەتەنگ کاروباری بەندییەکانەوە بووە، بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە لەبارەی پزیشکییەوە هەیبوو، چارەسەری بەشێك لە زیندانییە نەخۆشەکانی کردووە و توانیویەتی دەرزیش لێبدات. هەروەها ڕۆژنانە ڕۆژنامە و گۆڤار و هەر ئەدەبیاتێکی دەستبکەوتایە بۆ بەندکراوەکانی خوێندووەتەوە. ڕاوبۆچوون و پێشنیاری خۆشی بەڕاشکاوی بەبێ ڕاڕایی خستووەتەڕوو (هەریری، 2008، ل27-28).

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی لیوای هەولێر، لە 21ی نیسانی 1964 لەسەر بڕیاری (فەرماندەی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور) عادل سەلیم لە زیندانی (نوگرە سەلمان)ەوە گواستراوەتەوە بۆ دادگای هەولێر. لە بەڵگەنامەکە نێوبراو بە یەکێك "لە شیوعییە ترسناکەکانی هەولێر و بەرپرسی حزبی شیوعی ناوچەی هەولێر" وەسفکراوە. هەروەها لە بەڵگەنامەکەدا کە لە بنەڕەتدا لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی لیوای هەولێرەوە بۆ فەرماندەی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور نێردراوە، هاتووە: "عادل سەلیم ڕەوانەی دادگای سزا کرا، بەگوێرەی ماددەی 78/77 ی بنچینەکان، بڕیاردرا بە بڕی (500) دینار پەیوەست بکرێت بە کەفالەت. بەو پێیەش بەڵێن بدات بۆ ماوەی ساڵێك پارێزگاری لە چاکردنی خوڕەوشت و ئاسایشی گشتی بکات، بەڵام لەبەرئەوەی

ڕەتیکردەوە کە دڵسۆزی خۆی بۆ کۆمار و پاکانەی خۆی لە حزبی شیوعی بەکرێگیراو ڕابگەیەنێت. هەروەها لەبەرئەوەی ئازادکردنی دەبێتە مایەی مەترسی لەسەر سەلامەتی ئاسایش، بۆیە داواکارین ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر گڵدانەوە (حجز) کردنی تا کاتێکی دیکە لە یەکێك لە گرتووخانەکانی لیواکانی باشوور" (الأمن العام، 4/21/ 1964). ئەوەبوو گوازرایەوە بۆ گرتووخانەی حیللە لە باشووری عێراق و تا ساڵی 1965 لەوێدا مایەوە، بەم شێوەیەش ماوەی سێ ساڵ (1962-1965) لە زیندانەکانی حکومەتدا ماوەتەوە. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە عادل سەلیم، کەسێکی ناسراوی شیوعی بووە لەلای دەزگا ئەمنییەکان، هەروەها سەرباری ئەو ئەشکەنجە و ئازارەی کە لە گرتووخانەکان ڕووبەڕووی بووەتەوە، هەرەسی نەهێناوە و کۆڵی نەداوە، لەسەر بیروبۆچوونی و باوەڕە حزبییەکانی خۆی بەردەوام بووە، چونکە ئەگەر پاکانەی بکردایە، ئازاد دەکرا و ئەو سێ ساڵە لە زینداندا نەدەمایەوە.

لەو کاتانەدا لە دەزگا ئەمنییەکاندا فۆرمێك لەلایەن ئەو کەسانەوە پڕ دەکرایەوە، کە هەرەسیان دەهێنا و بەڵێنی وازهێنانیان لە حزبی شیوعی دەدا. دەقی بەڵێننامەکە بەم شێوەیە بوو: "من...... فلان...... کوڕی......فلانم، ئەندامی حزبی....... بەکرێگیراو بووم، هەستم بەوەکرد کارەکانی ئەو حزبە خزمەتە بە ئیمپریالیزم و ناپاکییە لە نیشتمان، بێباوەڕییە بە ئایینەکان و ئاکاری مرۆڤایەتی. بۆیە پاکانەی خۆم لەو حزبە ڕادەگەیەنم و دژایەتی دەکەم، تا هەتایە دەست بە نەتەوە و ئایینەکەمەوە دەگرم" (الأمن العام، 4/14/ 1964). عادل سەلیمیش پڕکردنەوەی ئەو بەڵێننامەیەی ڕەتکردووەتەوە.

دوای هەوڵی برا گەورەکەی (عەبدوڵڵا) لە ساڵی 1965 عادل سەلیم بە کەفالەت ئازاد کرا و گەڕایەوە شاری هەولێر و سەرپەرشتی ڕێکخستن و چالاکییەکانی حزبی شیوعی لە شارەکەدا کرد. لە 10ی شوباتی هەمان ساڵدا چین و توێژەکانی شاری هەولێر، وەك نیگەرانییەك لە بەرامبەر فەرامۆشکردنی شارەکەیان لەڕووی خزمەتگوزارییەوە و خراپی ڕەوشی سیاسی ناوچەکانی کوردستان و خۆدزینەوەی حکومەت لە چارەسەرکردنی پرسی کورد، بەسەرپەرشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە هەماهەنگی لەگەڵ حزبی شیوعی، مانگرتنێکیان بۆ ماوەی (24) کاتژمێر ڕاگەیاند و دوکان و شوێنە بازرگانی و پیشەگەرییەکان داخران. عادل سەلیم و قادر ڕەشید بە نوێنەرایەتی حزبی شیوعی هاوکارێکی سەرەکی بوون بۆ سەرکەوتنی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکە و ڕێکخستنەکانیان ئاگادارکردەوە بەپیر بانگەوازەکەوە بچن (خۆشناو، 2016، ل184-186). دوای چەند ڕۆژێك لە مانگرتنەکە، عادل سەلیم بەنهێنی شارەکەی بەجێهێشت و ڕوویکردە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و پەیوەندی بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە چیاکانی کوردستانەوە کرد. بەمەش قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی ئەو دەستپێکرد (سەلیم، 3/28/ 2020). بەم شێوەیە عادل سەلیم پەیوەندی بە لقی کوردستانی حزبی شیوعییەوە کرد، کە ئەو کاتە بارەگای لە گوندی (کلێتە) بوو، کە دەکەوێتە سەر لوتکەی چیای (کارۆخ) لەنێوان هەردوو گوندی (دەرگەڵە و وەرتێ)، دانیشتوانی گوندەکە زۆربەیان دۆست و لایەنگری حزبی شیوعی بوون (بانیخێلانی، 1997، ل254).

هەر لە سەرەتای ساڵی (1965)ەوە لقی کوردستانی حزبی شیوعی بڕیاریاندا کۆنفرانسێکی گشتی لە سەرتاسەری ناوچەکانی کوردستان ببەستن، هەم بۆ لێکۆلینەوەی بارودۆخی سیاسی کوردستان و شۆڕش، هەم بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتی لق. بۆ ئەو مەبەستەش سەرکردایەتی حزب لە بەغدا ئاگادارکرایەوە، داواش لە حزب کرا ئەندامێکی لێژنەی مەرکەزی بۆ سەرپەرشتی کاروباری لق دەستنیشان بکەن. ئەو کاتە بەهۆی شاڵاوی گرتن و ڕاوەدوونان، توانای ئەوە نەبوو لە شارەکاندا کۆنفرانس ببەسترێت و نوێنەر بۆ کۆنفرانسی لق بنێرن، بۆیە لق بڕیاریدا کە هەموو ئەندامانی لێژنە محەلییەکان بۆ کۆنفرانسی لق بانگ بکرێن. دوای چەند ڕۆژێك لە چاوەڕوانی ئەندامانی سەرکردایەتی لە بەغدا بۆ کۆنفرانس نەهاتن، بۆیە لە ئایاری 1966 بە بەشداری (26) ئەندام کۆنفرانسەکە بەبێ ئامادەبوونی هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی حزب، بەسترا. لە سەرەتای کۆنفرانسدا ڕاپۆرتی شارەکان و دواتر ڕاپۆرتی لق پێشکەشکرا. پاشان سەرکردایەتی لقی کوردستان هەڵبژێردرا، کە لەمانە پێکهاتبوون: (عادل سەلیم، یوسف حەننا یوسف -ئەبو حیکمەت-، ئەحمەد کەریم، ڕەئوفی حاجی قادر، موسڵیح مستەفا، شێخ عەلی بەرزنجی)، (ئەحمەد بانیخێلانی)یش وەك سکرتێری کاتی لق هەڵبژێردرا (بانیخێلانی، 1997، ل254-255).

لەدوای تەواوبوونی کۆنفرانس (بەهائەدین نووری) ئەندامی لێژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی، لەلایەن حزبەوە وەك سکرتێری لقی کوردستان دیاریکرا. نێوبراو لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات دوای ئەوەی بووەتە سکرتێری لق، هەستیکردووە کۆنفرانسەکە کەموکوڕی هەبووە، بەتایبەتی هیچ بەیاننامە یا بەڵگەنامەیەکی سیاسی دەرنەکردووە. بە واتای ئەوەی کۆنفرانسەکە وەك کۆبوونەوەیەکی داخراوی حزبی بووە و خۆی لە قەرەی گرفتە سیاسی و نەتەوەییەکان نەداوە. بۆیە پێشنیاری دەرکردنی بەیاننامەیەکی بەناوی کۆنفرانسەوە کردووە، کە تیایدا بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە بخرێتەڕوو و ڕەخنەش ئاراستەی سەرکردایەتی بزاڤی چەکداری کوردی بکات، هەروەها چەندین پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لە کێشەکان پێشکەش بکرێت (نوری، 1995، ص249). لە هاوینی 1966 دا بە ئامادەبوونی هەریەك لە (بەهائەدین نووری و ئەحمەد بانیخێلانی و عادل سەلیم و یوسف حەننا

یوسف)، یەکەمین کۆبوونەوەی نووسینگەی لقی کوردستان بەڕێوەچوو. ڕاپۆرتی سیاسی لق لەلایەن بەهائەدین نوورییەوە نووسرا، کە تیایدا هێرش کرابووە سەر مەلا مستەفا بارزانی. بەهائەدین نووری لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە بۆچوونەکانی نێو ڕاپۆرتەکە ڕاستە لەلایەن ئەوەوە نووسراوە، بەڵام بەکۆی دەنگی ئەندامانی نووسینگەی لق پەسندکراوە. ئەو بڕگەیەش کە تایبەت بوو بە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی بارزانی، تەنیا بەسەر لێژنەکانی لیواکان گشتێندراوە، داواشکراوە بڵاونەکرێتەوە و وەك بەڵگەنامەیەکی نهێنی بپارێزرێت، بەڵام دواتر ڕاپۆرتەکە کەوتووەتە دەستی بارزانی. هەرچی (ئەحمەد بانیخێلانی)یە، کە ئەویش یەکێك بووە لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، بەپێچەوانەی قسەکانی نووری جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەو و عادل سەلیم لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەدا نەبوونە و پێیان وابووە نابێت ئەمە بەناوی حزبەوە بڵاوبکرێتەوە (بانیخێلانی، 1997، ل279). دیارە ئەمەش لەبەرئەوەبووە نەیانویستووە بەم هۆیەوە زیان بە پەیوەندییەکانی نێوان حزبی شیوعی و بارزانی بگات.

**5. ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕیی عادل سەلیم 1970-1978**

**1-5. هەڵوێست و مامەڵەی عادل سەلیم لە هەمبەر بەرەی نیشتمانی و حزبی بەعسدا**

دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ لەنێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعی، لە 17ی تەمموزی 1973 هاوپەیمانێتییەك لەنێوان هەردوولادا لەژێر ناوی (بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز) بە ئامادەبوونی (عەزیز محەمەد) سکرتێری حزبی شیوعی و (ئەحمەد حەسەن بەکر 1968-1979) سەرۆك کۆماری عێراق لە کۆشکی کۆماری پێکهێنرا (سباهی، ج3، 2006، ص125).

بەرەی نیشتمانی لەلایەن زۆربەی ئەندامان و لایەنگری حزبی شیوعییەوە دژایەتی کرا، چونکە بەگوێرەی ئەزموونە تاڵەکانی حزبی بەعس، خەڵکی دەرکیان بەوەکردبوو ئەو هەنگاوەی حزبی بەعس تەنیا بۆ قایمکردنی جێپێی خۆیانە لە دەسەڵات و دوورخستنەوەی حزبی شیوعییە لە بزاڤی نەتەوەیی کورد (أحمد، 2006، ص203-204). لەم چوارچێوەیەشدا هەر لە سەرەتای گفتوگۆکان بۆ مۆرکردنی بەرەی نیشتمانی عادل سەلیم یەکێك بوو لە دەنگە نارازییەکانی دژ بە بیرۆکەی بەرە لەگەڵ حزبی بەعس. تەنانەت ئەو دژایەتییەی لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لێژنەی هەرێم و ئەنجوومەنەکانی دیکەی حزب بە ئاشکرا دەربڕیووە (هەریری، 2008، ل65؛ ئەبو شوان، 11/1/ 2002، ل2). پێی وابووە بەرەی نیشتمانی کاتییە و ڕۆژێك دێت شکست دەهێنێت. شەماڵ عادل سەلیم لەوبارەیەوە دەڵێت: "چەندین جار من خۆم گوێم لە باوکم بووە، کە دەیگوت ئەم بەرەیە کاتییە و ڕۆژێکی ڕەشمان لەپێشە، بۆیە خۆتان بۆ هەموو شتێك ئامادە بکەن" (سەلیم، 4/2/ 2020). تەنانەت هەر لە سەرەتای بەستنی بەرەدا شێوازێکی نوێی بۆ کارکردنی ئەندامانی حزبی شیوعی لە شاری هەولێر دانا، بەشێوەیەك ئەوانەی کە بەنهێنی کاریان کردووە و ناسراو نین، پێویستە هەر بەنهێنی بمێننەوە و خۆیان ئاشکرا نەکەن، با تەنیا ئەوانە سەردانی بارەگاکانی حزب بکەن، کە ئەندامانی ناسراو و ئاشکران (بانیخێلانی، 11/12/ 2001، ل2؛ سليم, 2019، ج1، ص12).

عادل سەلیم پێی وابوو بەرەی نیشتمانی بەرەیەکی ناهاوسەنگە، چونکە لەڕاستیدا لەنێوان دوو هێزدا ئەنجامدرابوو، کە جیاوازی زۆر لەنێوانیاندا هەبوو. بەتایبەت کە حزبی بەعس خۆی وەك حزبی سەرکردە (حزب القائد) دەناساند و بە کردەوەش تەنیا ئەو حوکمڕانی دەکرد و سەرجەم دەسەڵاتەکانی حکومەتی لەدەستی خۆیدا کۆکردبووەوە. لە بەرامبەریشدا حزبی شیوعی حزبێکی ئۆپۆزیسیۆن بوو، تا کاتی بەستنی بەرە چالاکییە سیاسییەکانی قەدەغەکرابوو و ئەندامانی لەژێر هەڕەشەی گرتن و ئەشکەنجە و کوشتندابوون. وێڕای ئەو ڕەخنە و تێبینییانەی کە لە بەرامبەر بەرەدا هەیبوو، بەڵام دواتر لە 13ی شوباتی 1974 عادل سەلیم لەگەڵ (ئەحمەد دڵزار)[4] لەلایەن حزبی شیوعی وەك نوێنەری پارێزگای هەولێری حزب لە لێژنەی بەرەی نیشتمانیدا دیاریکرا. لە هەمان کاتدا نوێنەری حزب بووە لە لێژنەی پەیوەندییە نیشتمانییەکان لە پارێزگای هەولێر، کە ئەرکی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی حزبی شیوعی بوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و پارێزگای هەولێر و کۆمەڵە و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی هەولێر (دڵزار، 1994، ل149؛ شارەزا، 1998/9/9، ل2). دیارە ئەو وەك بڕیارێکی حزبی مەسەلەی نوێنەرایەتی لە بەرەدا وەرگرتووە و پابەند بووە پێیەوە، ئەگینا وەك باسمان کرد هەر لە بنەڕەتدا باوەڕی بە بەرەکە نەبووە. حزبی شیوعیش دەویست کەسێك لەو پۆستە دابنێت، کە خاوەن ئەزموون و دیبلۆماسی و بوێر بێت لە بەرامبەر بەعسییەکان. لەوبارەیەوە (نەجمەدین مامۆ هەریری)[5] دەڵێت: "هاوڕێ عادل لە سەرەتای بەستنی بەرە لەگەڵ بەعس کرا بە بەرپرسی پەیوەندی نێوان حیزبمان و بەعس. دیارە ئەم هەڵبژاردنە لەخۆڕا نەبوو، هاوڕێ عادل بوێر و لێزان و دیبلۆماسی بوو، دەیزانی کەی و چۆن باس لە کێشە و چارەسەرکردنی تەنگ و چەڵەمەکان دەکات. هاوڕێ عادل هەرچی بەڕاستی بزانیایە دەیگوت و بە جەختێکی نەگۆڕەوە دەستنیشانی گرفتەکانی دەکرد و داوای چارەسەرکردنیشی بۆ دەکرد" (هەریری، 2008، ل66).

لە کۆبوونەوەکانی لێژنەی بەرە لە پارێزگای هەولێر و بەغدا، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی باڵای حزبی بەعس، عادل سەلیم بە ئاشکرایی ڕەخنەی ئاراستەی ڕەفتارەکانی بەعس لە بەرامبەر خەڵك و پارتە نیشتمانییەکانی نێو بەرە کردووە، بەتایبەت دەرهەق بە

ئەندامانی حزبی شیوعی (بانیخێلانی، 1997، ل320). لە کۆبوونەوەیەکی لێژنەکانی بەرەی نیشتمانی لە 3ی حوزەیرانی 1975 لە بەغدا بە ئامادەبوونی سەدام حسێن جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، عادل سەلیم چەندین ڕەخنەی ئاراستەی ڕەفتار و سیاسەتی حزبی بەعس لە هەمبەر ئەندامانی حزبی شیوعی کرد. ئەمە وای لە سەدام کرد بڵێت: "داواتان لێدەکەین پشوودرێژ و بە ئارام بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا". لە کۆبوونەوەیەکی دیکەی بەرفراوانی لێژنەکانی بەرە کە لە 21ی ئابی 1976 لە بەغدا لەسەر بانگهێشتی سەدام حسێن بە ئامادەبوونی نێوبراو و چەندین کەسایەتی حزبی بەعس و نوێنەرانی لێژنەکانی بەرە لە پارێزگاکان بەڕێوەچوو، عادل سەلیم وەك نوێنەری پارێزگای هەولێر تیایدا بەشدار بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا سەدام بارودۆخی ناوخۆیی و پەیوەندییەکانی نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعسی خستەڕوو. بێزاری خۆی لە چالاکی و گەشەکردنی حزبی شیوعی لەنێو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگا دەربڕی. ژمارەیەك لە نوێنەرانی حزبی شیوعی لە پارێزگاکان قسەیان کرد و تیشکیان خستەسەر ئەو تەنگپێهەڵچنین و شێوازە تۆقاندنانەی، کە لەلایەن دەزگا ئەمنی و ڕێکخستنەکانی حزبی بەعسەوە دژ بە ئەندامانی حزبی شیوعی و ڕێکخستنەکانی ئەنجام دەدرێت. لەپێش هەمووشیانەوە عادل سەلیم قسەی کرد (أحمد، 2006، 212). نێوبراو بەتوندی ڕەخنەی لە سیاسەتی حزبی بەعس گرت و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی حزبی بەعسی خستەڕوو، کە تەنیا کوردستانی نەگرتبووەوە، بەڵکو زۆربەی ناوچەکانی عێراقیشی گرتبووەوە. دوای ئەوەی سەدام باسی لە سوودەکانی بەرە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەکانی کوردستان کرد، عادل سەلیم ئاماژەی بەوە کرد ئێمە شتانێك دەبینین و گوێبیستی دەبین، ئەو شتانە نین کە لە ئێوەوە دەیبیستین. لەوانەیە ئەوەی جێگری سەرۆك کۆمار باسی لێوەدەکات لە ناوچە عەرەبییەکان بوونی هەبێت، چونکە لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی بەهیچ شێوەیەك ئەو شتانە بوونی نییە، کە ئێوە باسی لێوە دەکەن. دواتر عادل سەلیم بەدرێژی باسی کارەساتی ڕووخانی گوند و دێهاتەکانی کوردستانی کرد. هەروەها ئاماژەی بە بارودۆخی ئەندامانی حزبی شیوعی کرد، کە دەستگیردەکرێن و بە چەندین شێواز و ڕێگای پڕ لە ئەشکەنجە و ئازاردان ناچاردەکرێن واز لە حزب بهێنن و پاکانە لە حزب بنووسن، بۆیە قسەکانی خۆی لەوەدا پوخت کردەوە: ئەوەی حزبی بەعس پێی هەڵدەستێت، ئاکامەکەی کارەساتبار دەبێت (سلیم, 2019، ج1، ص14).

دوای ئەوەی عادل سەلیم قسەکانی تەواوکرد، سەدام حسێن وەڵامی دایەوە و بەبێزارییەوە گوتی:"هەندێك کات قسەگەلێکمان لە بەعسییەکان و لایەنەکانی دیکەی نێو بەرە گوێ لێ دەبێت، هەندێك لە هاوڕێ بەعسییەکان پێیان وایە ئەوان لە بەرەدا زیانمەند بوونە، هەندێکیان لە شانە حزبییەکانیان ئەو بابەتە تاوتوێ دەکەن و داوا لە بەرپرسە حزبییەکان دەکەن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، کە دووبارەی دەکەنەوە: بۆچی بەرە کرا؟ لەکاتێکدا هەموو خاڵە ئەرێنییە سەرەکییەکانی حزبی شیوعی تەنیا بریتییە لە پشتگیریکردنی ئەو پلانە شۆڕشگێڕییانەی، کە هەموو گەل لەوەدا بەتەواوی پشتگیری ئێمە دەکەن، وەك خۆماڵیکردنی نەوت و هەنگاوە گەورەکانی بەرەو ڕێگای سۆشیالیزم". هەروەها گوتی: "حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە بەرەدا زیانی چی کردووە؟ ئایا ئەو کەسانەی کە حزبی شیوعی دەیانهێنێتە ڕیزەکانی خۆی، بەو دیدە بەرەییەی کە باسمان لێوەکرد، بە زیانی حزبی بەعس ئەژمار دەکرێت؟" (حسين، 1977، ص14). لەناکاودا سەدام هەڵچوو و بەدەنگێکی بەهێزەوە گوتی: "هەمووان لە چوارچێوەی ئەو تێگەیشتنەی بەرە و ئەو کارەی کە پەیوەستە پێیەوە لە وردەکاری کاری ڕۆژانە، قازانج دەکەن و هیچ کەسێك زیان ناکات. هەمان پرسیار ئاراستەی حزبی شیوعی دەکەین و دەڵێین: هاوڕێیان ئێوە بەدوای ئەو شتانەوەن کە دەتانەوێت بەدەستی بهێنن، ئایا زیانی چیتان کردووە؟ ژمارەتان زیادی کردووە، جەماوەر و هێزی ڕێکخستنەکانتان زیادی کردووە. لە ئێستادا دەرفەتی ئەوەتان هەیە بیروبۆچوونەکانتان لەگەڵ لایەنە نیشمانییەکانی دیکەدا ئاڵوگۆڕ بکەن و بە ئازادی کار بکەن. ئەگەر ئێوە لە دەرەوەی بەرەدا بوونایە چیتان بەدەستدەهێنا؟". دواتر بە ڕقێکەوە سەیری عادل سەلیمی کرد و گوتی: "سەبارەت بە ڕەخنە و ڕەخنەکاری، کاتێك بەعسییەك دەتانبینێت بەدوای هەڵە و کەموکورتییەکانی بەعسەوەن. هەندێك بابەت تێدەپەڕێنن لە هەڵسەنگاندنی ڕێوشوێنەکانی شۆڕش، لەڕێگای ئەو هەڵانەوە کرێکار و جووتیار و ڕۆشنبیر بۆ خۆتان ڕادەکێشن. لەو کاتەشدا کەسی بەعسی دەگاتە ئەو باوەڕەی کە پردی پەیوەندی نێوان ئەو و حزبی شیوعی پتەو نییە و لە هەندێك کاتدا هەر بوونی نییە. خستنەڕووی ئایدۆلۆجیا و سیاسەتی تەندروست و شێوەکانی پەیوەست پێیەوە، کە دژ نییە لەگەڵ گەڵاڵەنامەی کاری نیشتمانی و چوارچێوەی گشتی شۆڕش، ئەو شتەیە کە پێویستە ئێمە کاری لەسەر بکەین. بەم شێوەیە پێویستە ڕەخنەش بخرێتە چوارچێوە دروستەکەی خۆیەوە. ڕەخنە لەجیاتی ئەوەی لە شەقامدا بێت، پێویستە تەنیا لە لێژنەکانی بەرەدا بێت" (حسين, 1977, ص17-18). دوای چەند مانگێك لەمە سەدام حسێن سەردانی شاری هەولێری کرد و لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردندا کۆبووەوە. لەوێش جارێکی دیکە عادل سەلیم چەندین ڕەخنەی ڕووبەڕووی حزبی بەعس کردەوە (سلیم، ج1، 2019، ص21). هەر لەبارەی ڕەخنەکانی عادل سەلیم لە حزبی بەعس، کەریم ئەحمەد دەڵێت: "ڕۆژێکیان لە کۆبوونەوەیەکی لێژنەی باڵا لە بەغدا و بە ئامادەبوونی سەدام حسێن و چەند لێپرسراوێکی بەعسی تر بە سەدامم گوت کە ڕۆژ بە ڕۆژ خروقات و دەستدرێژی پەرەدەستێنێ وادیارە ئێوەش چارەسەری ناکەن! یەکسەر وەڵامی دامەوە

و گوتی: بەڵێ باش دەزانم هەموو گلەییەکان و کەموکورتی و خروقاتەکانم بیست! برادەرێکتان هەیە لە هەولێر ناوی (عادل سەلیم)ە ئەو لە کۆبوونەوەی پێشتر ئاماژەی بە هەموو شتێك کردووە" (ئەحمەد، 9/12/ 1998).

عەبدولستار تاهیر شەریف (1935-2008) کە یەکێك بووە لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بە بەشێك لە ڕەخنەکانی عادل سەلیم دەکات، بەتایبەتی لەبارەی دەستگیرکردنی ئەندامانی حزبی شیوعی، لەو بارەیەوە دەڵێت: "عادل سەلیم ڕەخنەیەکی زۆر توندی لە حزبی بەعس گرت و لە قسەکانیدا وتی: بەڕێز صەدام حسێن کاتێ ئەمری بەردانی یەکێ دەدەی لە گرتووخانە بەربدرێت، دوای چەند مانگێ بەری دەدەن، ئەویش دوای کۆمەڵێ هەراو هۆریا لەسەری کە دەکرێت، بەڵام کاتێ ئەمری گرتنی یەکێ دەدەی، ئەگەر شەو بوو چاوەڕێی بەیانی ناکەن و مەفرەزەکانی ئەمن بە شەو بە پەیژە لەسەربانەوە دەچنە ناو ماڵەکە و دەیگرن" (شەریف، 2007، ل81). ئەمانەش هەمووی بوێری و ئازایەتی عادل سەلیم نیشان دەدات لە بەرامبەر بەرپرسانی باڵای بەعسدا. ئەمە لەکاتێکدا دەبوو ئەو ڕەخنە و قسانە لەلایەن بەرپرسی باڵای حزبی شیوعییەوە بکرایە، کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووە، بەڵام لە بێدەنگی ئەواندا عادل سەلیم ڕەخنەکانی ئاراستە کردوون.

دوای ئەو کۆبوونەوانە و گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعس، لە ساڵی 1977 سەدام حسێن کتێبێکی لەژێر ناوی (خندق واحد ام خندقان/ حول مسائل الجبهة الوطنية والقومية الوطنية) بڵاوکردەوە. تیایدا هەمان قسەکانی نێو کۆبوونەوەکەی 21ی ئابی 1976 لەگەڵ چەندین ڕاوبۆچوونی دیکە لەبارەی بەرەی نیشتمانی خستووەتەڕوو. لە چەندین شوێنی کتێبەکەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی قسەکانی عادل سەلیمی داوەتەوە. لە شوێنێکی کتێبەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە ماف و ئەرکی هەمووان وەکو یەکە و هاوسەنگە، بەڵام ئەوەی دەیەوێت بەشێوەیەکی زەق ڕەخنە بگرێت، پێیوستە ئەرکی خۆی بەتەواوی جێبەجێ بکات، دەنا بەهیچ شێوەیەك مافی ڕەخنەگرتنی نییە (حسين, 1977, ص11). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕەخنەکانی عادل سەلیم لە بەرامبەر هەڵسوکەوتی حزبی بەعس، چونکە سەدام پێی وابوو حزبی شیوعی بەشێوەیەکی دروست ئەرکەکانی خۆی لە بەرامبەر بەرەدا جێبەجێ نەکردووە، بۆیە مافی ئەوەشی نییە ڕەخنەی زەق لەناو کۆبوونەوەی بەرە لە حزبی بەعس بگرێت. دوای دەرچوونی کتێبەکە عادل سەلیم داوای لە حزبی شیوعی کرد، کە لە نامیلکەیەکدا بەناوی حزبەوە وەڵامی قسەکانی سەدام بدەنەوە. هەرچەندە حزب ڕاکەی پەسندکرد، بەڵام دواتر هیچ وەڵامێکیان لەوبارەیەوە نەنووسی (سەلیم ، 4/3/ 2020).

لە ماوەی کارکردنی عادل سەلیم لە بەرەی نیشتمانی، حزبی بەعس هەوڵیداوە لەڕێگەی پێدانی پۆست و پلەوە بێدەنگی بکات. تەنانەت بەڵێنی پۆستی بەرزی حکومی و نیشتەجێکردنی لە بەغدا و پێدانی پارە و ئۆتۆمبێل و خانووی پێدراوە (هەریری، 2008، ل76). لەوبارەیەوە عەزیز محەمەد دەڵێت: " لەدوای بەستنی بەرە لەگەڵ حزبی بەعس هەوڵێکی زۆریان لەگەڵ ئێمەدا کە وەزیفەیەکی باش بدەینە کاک عادل بەمەرجێک لەبەغدا نیشتەجێ بێت، بەڵام کاک عادل ڕازی نەبوو. هەتا لەرێگای تایبەتیش هەوڵیان لەگەڵدا چونکە وایاندەزانی ئێمە پێمان نەگووتوە، یان ئێمە نامانەوێت هەولێر جێبهێڵێت، کەچی کاک عادل ڕاشکاوانە پێیانی گوتبوو، کە ئەو پلە و پایە و پۆستی ناوێت و کاری حزبی بەسە و هەر ئەوەندەشە توانای ناتوانێت کاری تر بکات" (بە وەرگرتن لە: سلیم، 2019، ج1، ص19).

جێگەی ئاماژەیە لە 4ی ئایاری 1976 دا حزبی شیوعی لە بەغدا بە ئامادەبوونی (318) ئەندام کۆنگرەی سێیەمی خۆی بەست، کە لەو کۆنگرەیەدا عادل سەلیم وەك کاندیدی لێژنەی مەرکەزی هەلبژێردرا. لەوێش دەنگی ناڕەزایی لەنێو ئەندامانی کۆنگرە دژی بەرەی نیشتمانی بەرزکرایەوە، بەڵام هەموو ئەو دەنگە ناڕازییانە کپکرانەوە و زۆرینەی سەرکردایەتی حزب ئامانجیان درێژەدان بوو بە بەرە لەگەڵ بەعسدا (عبدالكريم، د.س، ص220؛ الخرسان، 2001، ص149-152).

عادل سەلیم هەوڵیداوە لەڕێگەی ئەو شاندە نێودەوڵەتییانەی، کە سەردانی عێراقیان کردووە، تاوانەکانی حکومەتی عێراق دەرهەق بە خەڵکی بێتاوان بگەیەنێتە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی جیهان. بەم هۆیەوشەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی حکومەت بووەتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا لە ساڵی 1977 لەگەڵ شاندی هەریەك لە وڵاتی (بولگاریا و نەمسا)، کە بە نوێنەرایەتی (ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی) سەردانی عێراقیان کردبوو، لە شاری هەولێر کۆبووەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا باسی گرتن و لەسێدارەدانی هاوڵاتیانی کردبوو، لیستی ناوی ئەو گەنجە کوردانەی بە شاندەکان دابوو، کە تەمەنیان لە خوار (18) ساڵیدا بووە و حکومەت لە سێدارەی داون. ئەمەش پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتنی بەرەی نیشتمانی بووە. ئەو کۆبوونەوەیەی عادل سەلیم تووڕەبوونی حکومەتی لێکەوتەوە و داوای ئامادەبوونیان لە بەغدا لێکرد، تا لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بکرێت. لەکاتی کۆبوونەوەدا لەگەڵ بەرپرسانی بەعس ئەوەی ڕوونکردبووەوە، کە کۆبوونەوەکە لەگەڵ شاندەکەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بەناوی بەرەی نیشتمانی نەبووە، بەڵکو ئەوان وەك حزبی شیوعی لیستی ناو و تەمەنی ئەو گەنجە کوردانەیان بە ڕێکخراوەکە داوە، کە لە خوار تەمەنی (18) ساڵیدا لە سێدارە دراون. هەروەها هەموو ئەو پێشێلکارییانەیان بە ڕێکخراوەکە ڕاگەیاندووە، کە لە عێراق دژ بە

مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت. ئەمانەش دەرچوون نین لە ڕێککەوتنی بەرە، چونکە ناکرێت حزبی شیوعی لەو پێشێلکارییانە بێدەنگ بێت و پێویستە هەرچی زووە هەڵکوتانە سەر خەڵك و تۆقاندن و لەسێدارەدانی خەڵکی بێتاوان بوەستێندرێت (سلیم، 2019، ج1، ص13).

**2-5. ڕۆڵی کارگێڕیی عادل سەلیم:**

**أ. عادل سەلیم وەك ئەمینداری گشتی گواستنەوە و گەیاندن**

دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەت، حزبی بەعس تاکلایەنە لە 11ی ئاداری 1974 یاسای ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکانی کوردستان ڕاگەیاند. بەو پێیەش دوو ئەنجوومەن بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە دیاریکران، کە بریتی بوون لە (ئەنجوومەنی یاسادانان) و (ئەنجوومەنی جێبەجێکردن)، کە وەك پەرلەمان و حکومەتێکی خۆجێی وابوون. بەڵام ڕاستییەکەی ناوی بێ ناوەڕۆك بوون و دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان نەبوو. لە تشرینی یەکەمی 1974 ئەنجوومەنی یاسادانان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە شاری هەولێر گرێدا و ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی هەڵبژارد. ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەنەکە لە ئەندامانی حزبی شیوعی و پارتە کارتۆنییە کوردییەکانی دیکە[6]پێکهاتبوون (الحكم الذاتي، كانون الثاني 1976، ص30-22؛ گۆمەتاڵی، 2012، ل160-163). عادل سەلیم لەسەر لیستی حزبی شیوعی وەك (ئەمینداری گشتی گواستنەوە و گەیاندن) لە ئەنجوومەنی جێبەجێکردن هەڵبژێردرا.

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی وەك ئەمینداری گشتی گواستنەوە و گەیاندن، عادل سەلیم ڕووبەڕووی چەندین گرفت و کێشە بووەتەوە. گەورەترین کێشەی بەردەمی ئەمیندارێتییەکە ئەوەبوو پێکهاتەی کارگێڕی ئەمیندارێتییەکە هیچ فەرمانگە یا بەڕێوەبەرایەتی یا بەشێکی سەر بە هەردوو وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی لەخۆنەگرتبوو، بەڵکو هەندێك بەڕێوەبەرایەتی و بەشی لەخۆگرتبوو، کە لە ناوچەکانی کوردستاندا بوونیان نەبوو. ئەمە لە کاتێکدا ئەمیندارێتییەکانی دیکەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەریەکەیان فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی و هۆبەی تایبەتی هەبووە، کە بە ئاسانی دوای جیاکردنەوەیان لە وەزارەتەکان، خرانە سەر ئەمیندارێتییەکان. لەلایەکی دیکە لەبەرئەوەی ئەمیندارێتییەکە پێشتر هیچ فەرمانگەیەکی نەبووە، تا هەندێك لە فەرمانبەر و کرێکاران بۆ دیوانی ئەمیندارێتییەکە بگوازرێنەوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی کارەکانی، بۆیە لە سەرەتادا دیوانی ئەمیندارێتی هیچ فەرمانبەرێکی نەبووە (الحكم الذاتي، ايلول 1976، ص36-37).

عادل سەلیم چەندین ڕاسپاردە و پێشنیاری ئاراستەی بەرپرسانی حکومی کردووە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرەوپێشبردنی کارەکانی ئەمیندارێتی گشتی گواستنەوە و گەیاندن. لەم چوارچێوەیەشدا لە 7ی کانوونی یەکەمی 1976 دا ڕاسپاردەیەکی شەش خاڵی ئاراستەی ئەنجوومەنی یاسادانان کرد، کە تیایدا داوای هاوکاریکردنی ئەمیندارێتییەکەی کردووە، بەتایبەتی دابینکردنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و تەکنیکار و دامەزراندنی فەرمانبەری زیاتر لە بەڕێوەبەرایەتییەکان. هەروەها داوای کردووە سەرجەم فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە ناوچەکانی کوردستان، لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە بە ئەمیندارێتی گشتی گواستنەوە و گەیاندن ببەسترێنەوە. خاڵێکی دیکەی نێو ڕاسپاردەکان تەرخانکردنی پارەی پێویستە لە بودجەدا بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی پۆستە و تەلەفۆن، بەتایبەتی فراوانکردنی بگۆڕی ئۆتۆماتیکی دهۆك، فراوانکردنی بگۆڕی زاخۆ بۆ (200) ژمارە و بگۆڕی ئامێدی بۆ (100) ژمارە. دانانی هێڵی تەلەفۆن لە چەند ناوچەیەکی کوردستان لەوانەش، لەنێوان: (دەربەندیخان-کەلار، چەمچەماڵ-شەنگال، چەمچەماڵ-ئاغجەلەر، هەولێر-ئاسکی کەلەك، دیانە-سیدەکان) (الجمهورية العراقية، 1978، ص128).

عادل سەلیم بە ئاشکرایی ئاماژەی بە کەموکوڕی و ڕێگرییەکانی بەردەم ئەمیندارێتییەکەی کردووە، بەشێوەیەك لە هەندێك کاتدا تەگەرەیان لەبەردەم کارەکانی دروستکردووە. لەم بارەیەوە لە دانیشتنی ڕۆژی 13ی کانوونی یەکەمی 1976ی ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ئەمیندارێتییەکەی و باسکردنی گرفتەکان بەشداری کردووە. لەو دانیشتنەدا ئاماژەی بە نەبوونی بودجەیەکی تایبەت بە ئەمیندارێتییەکە و بوونی ڕۆتین لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان کردووە. ئەوەی خستووەتەڕوو کە چەندین جار داوای ئۆتۆمبێلی بارهەڵگریان لە وەزارەتی گواستنەوە کردووە، بەڵام وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر پێدانی ئۆتۆمبێلی بەکارهێنراو دەربڕیووە، ئەو ئۆتۆمبێلانەش بە کەلکی کارکردن نەدەهاتن و زۆر کۆن بوون، بۆیە ئەوان ڕەتیان کردووەتەوە وەریبگرن. عادل سەلیم داوای لە ئەنجوومەنی یاسادانان کردووە لەڕێگەی خۆیانەوە ڕاسپاردەکان بە بەرپرسان بگەیەنن و داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەندامێکی ئەنجوومەن بەناوی (فائیق جەمیل عەلی) لەدژی داواکارییەکەی وەستاوەتەوە، بەبیانووی ئەوەی ناکرێت ئەنجوومەن بکرێتە شوێنی بەرزکردنەوەی داواکاری ئەمیندارێتییەکان، چونکە لەو حاڵەتەدا شێوەی کاری ئەنجوومەنەکە وەك ئەنجوومەنێکی یاسادنان دەگۆڕێت بۆ ئەنجومەنی ڕاسپاردەکان! بۆیە عادل سەلیم وەڵامی داوەتەوە و بەتوندی

ڕەخنەی ئاراستەی ئەنجوومەنەكە كردووە و ئەوەی ئاشكرا كردووە كە لە ماوەی دوو ساڵی تەمەنی خۆيدا ئەنجوومەنی ياسادانان نەيتوانيوە تەنانەت يەك تاقە بڕياری ياسايی دەربكات! هەروەها دەڵێت: "بۆ دەرخستنی ڕاستی دەڵێم ئێمە لەم لايەنەدا كەمتەرخەمين، چونكە دەمانتوانی چەند هەنگاوێكی باش بەرەو پێشەوە بنێين، بەمەش دەمانتوانی ڕووبەڕووی خەڵك و پرسيارەكانيان ببينەوە، كە بەردەوام دەپرسن: كاری ئێوە لە ئەنجوومەنی ياسادانان چييە، ئەگەر ڕاسپاردە و بڕيار دەرنەكەن؟ بۆيە بە پێويستی دەزانم ئەنجوومەن پاڵپشتی ئەو پێشنيارانە بكات، كە لە ڕاپۆرتی ئەميندارێتی گشتی گواستنەوە و گەياندندا هاتووە و لەڕێگەی ئەنجوومەنی جێبەجێكردنەوە بۆ ئێوە ڕەوانەكراوە. پێشم وايە ئەمە كرۆكی كاری ئەنجوومەنی ياسادانانە. وێڕای ئەمانە ئێمە ژمارەيەكی ئەوەندە زۆر ڕاسپاردەمان نەكردووە، تا ئەنجوومەن بە ئەنجوومەنی ڕاسپاردەكان ناو بنێين، خۆزگە وا ناومان بنايە، لەجياتی ئەوەی ناوی بەو ئەنجوومەنە بنێين، كە هيچ شتێكی سەبارەت بە ڕاسپاردەكان نەكردووە" (الجمهورية العراقية، 1978، ص131).

سەرباری ئەو كۆسپ و تەگەرانەی بەردەم كارەكانی ئەميندارێتی گشتی گواستنەوە و گەياندن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانيويەتی خزمەتگوزاری پێشكەش بە ناوچەكە بكات. لەوانەش لێكۆڵينەوە لە كەموكورتی و پێداويستييەكانی فەرمانگەكانی پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن و جێبەجێكردنی زۆربەيان. بەتايبەتيش دانانی هێڵی تەلەفۆن لەنێوان ئەو ناوچانەی كە لە پێشتردا ئاماژەی پێكرا. هەروەها خەرجكردنی بڕی (50) هەزار دينار بۆ پڕكردنەوەی پێداويستييەكانی نووسينگە و مۆبيلياتی نێو فەرمانگەكانی پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن، لەگەڵ دابينكردنی (12) ئۆتۆمبێل بۆ فەرمانگەكان. لەلايەكی ديكە دابينكردنی بڕی نيو مليۆن دينار بۆ بەرەوپێشبردنی ناوچەكە و پڕكردنەوەی پێداويستييەكان. جگە لەمانە (100) ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر دابينكراوە بۆ گواستنەوەی كاڵا و كەلوپەل لە بەغداوە بۆ ناوچەكانی كوردستان (الحكم الذاتي، ايلول 1976، ص37).

**ب/ بەخشينی عادل سەليم لە ئەميندارێتی گشتی گواستنەوە و گەياندن**

دوای كۆبوونەوەكەی 21ی ئابی 1976ی بەرەی نيشتمانی، كە عادل سەليم بە ئامادەبوونی سەدام حسێن بە ئاشكرايی ڕەخنەی لە بەعس گرت، وەك لە پێشتردا ئاماژەی پێكرا. لەنێو سەركردايەتی حزبی بەعس هەڵوێستێكی دوژمنكارانەيان لە بەرامبەريدا گرتە بەر. بۆيە زۆر جار لە كۆبوونەوەكانی نێوانياندا حزبی بەعس نارەزايی خۆيان لە هەڵوێستەكانی عادل سەليم دەربڕيوە و فشاريان كردووەتە سەر حزبی شيوعی تا لە جێگای ئەودا كەسێكی ديكە لە ئەنجوومەنی جێبەجێكردن دابنێن (ئەبو شوان، 11/1/ 2002، ل2).

دوای ئەوەی خوولی يەكەمی هەردوو ئەنجوومەنی ياسادانان و جێبەجێكردن لە تشرينی يەكەمی 1977 تەواو بوو (الحكم الذاتي، 1978، ص4). بۆ خوولی دووەم كاتێك حزبی شيوعی ليستی ئەندامانی بۆ هەردوو ئەنجوومەنەكە دياريكرد، حزبی بەعس جارێكی ديكە داواكەی دووبارە كردەوە، كە نابێت عادل سەليم لە ئەنجوومەنی جێبەجێكردن بمێنێت، دەبێت بيگۆڕن بە كەسێكی ديكە، كە جێگەی ڕەزامەندی خۆيان بێت. هەرچەندە پێشتر حزبی شيوعی ئەم داواكارييەی بەعسی ڕەتكردبووەوە، بەڵام دواتر هەڵوێستی خۆی گۆڕی و لەژێر فشاری بەعسدا ڕەزامەندی خۆی بۆ گۆڕينی ئەو دەربڕی (ئەبو شوان، 11/1/ 2002، ل2-3). ئەوەبوو بە فەرمانی سەرۆك كۆمار (ئەحمەد حەسەن بەكر) بە مەرسومی كۆماری ژمارە (646) لە ڕێككەوتی 11/2/ 1977 عادل سەليم لە پۆستی ئەمينداری گشتی گواستنەوە و گەياندن بەخشرا. دواتر لە ڕێككەوتی 11/5/ 1977 دەستی لە كار كێشايەوە (الجمهورية العراقية، 11/6/ 1977). ئەوەبوو دواتر (ئەحمەد حاميد) لەجێگەی عادل سەليم كرا بە ئەمينداری گشتی گواستنەوە و گەياندن (بانيخێلانی، 1997، ل320).

**ج. ژەهرخواردكردن و كوشتنی عادل سەليم**

بەرەی نيشتمانی لە كۆتاييەكانی ساڵی 1977 و سەرەتاكانی ساڵی 1978 دوا هەناسەی خۆی دا و حزبی بەعس دەستيكرد بە هەڵمەتێكی گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامان و لايەنگرانی حزبی شيوعی (سباهی، ج3، 2006، ص162). لەو چوارچێوەيەشدا لە ئەيلوولی 1978 ڕێكخستنەكانی حزبی شيوعی لە شاری كەركوك ڕووبەڕووی پەلاماری دەزگا ئەمنييەكان بوونەوە و دەيان كەس دەستگيركران و دەيانی ديكەش لەژێر هەڕەشەدا ناچار بە وازلێهێنان لە حزب كران. ئەو ئەندامانەی كە لەدەستی هێزەكانی ئەمن و پۆليس ڕايان دەكرد و خۆيان ڕزگار دەكرد، خێزانەكانيان لەلايەن ئەو دەزگايانەوە ڕووبەڕووی پەلاماردان دەبوونەوە. بەم هۆيەشەوە ڕێكخستنەكانی حزب لەو شارە هەرەسيان هێنا و ئەندامانەكانيان وازيان لە حزب هێنا. بۆيە عادل سەليم لە 12ی ئەيلوولی 1978 لەسەر بڕياری حزب بۆ تاوتوێكردنی بابەتەكە و بەسەركردنەوەی ڕێكخستنەكان سەردانی شارەكەی كرد. لەوبارەيەوە (مەلا شوكر) ناسراو بە (مام فەتاح) كە ئەندامێكی ڕێكخستنەكانی حزبی شيوعی بوو لە كەركوك ئاماژە بەوە دەكات دوای ئەوەی عادل سەليمی بينيوە باسی لەوە كردووە حزبی بەعس بە ئاشكرا شەڕی دژ بە شيوعييەكان ڕاگەياندووە و تەنيا لە هەفتەيەكدا (107) ئەندامیان ناچاركردووە واز لە حزب بهێنێت. داواشيان لەو كردووە بچێتە (مونەزەمەی حزبی بەعس)، بەڵام ئەگەر بۆ ئەوێ بچێت

لەلایەن بەعسییەکانەوە یا دەکوژرێت، یا ناچار بە وازلێهێنانی لە حزبی دەکەن. تەنانەت بەرپرسی ڕێکخستنی حزبی شیوعیش لە کەرکوك (عەبدولخالق زەنگەنە) داوای لێکردووە بچێتە (مونەزەمە) و پێی گوتوە خۆ تۆ لە ئەندامانی دیکەی حزب زیاتر نیت! بۆیە عادل سەلیم لەو هەڵوێستە زۆر ناڕەحەت بووە و  داوای لێکردووە نەچێتە بارەگای حزب و خۆی حەشار بدات و دواتر چاوەڕێی ڕێنمایی ئەو بکات (الخفاجی، 2019، ص123-124؛ ئەبو شوان، 11/1/ 2002، ل5-6).

عادل سەلیم وەك نوێنەری پارێزگای هەولێری حزبی شیوعی لە بەرەی نیشتمانی، لە هەمان ڕۆژدا ( 12ی ئەیلوول) لەگەڵ حەننا یوسف حەننا (ئەبو حیکمەت) سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوکی کرد بەمەبەستی ئازادکردنی چەند قوتابییەکی سەر بە حزبی شیوعی لەو شارە. دوای گفتوگۆ و خواردنەوەی قاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکە کەرکوك جێدەهێڵێت و بەرەو شاری هەولێر دەگەڕێتەوە، لەڕێگادا لە نزیك ئاڵتون کۆپری لەناکاودا لەناو ئۆتۆمبێلدا تووشی ژانە سکێکی توند دەبێت، تا دێت لێی توندتر دەکات، تاکو دەگەنە هەولێر و دەیگەیەننە نەخۆشخانە گیانی دەسپێرێت. دوای ئەوەی بردراوەتە نەخۆشخانەی ناوەندی هەولێر لە کاتژمێر یەك و نیوی دوای نیوەڕۆ پزیشکەکان بە فەرمانی حزبی بەعس لە ڕاپۆرتەکەیاندا ڕایانگەیاند، کە نەخۆشی دڵ هۆی مردنەکەی بووە (ئەبو شوان، 11/1/ 2002، ل4).

چەندین بەڵگە و شایەتحاڵ هەن کە ئەمە ڕەتدەکەنەوە عادل سەلیم بەهۆی نەخۆشی دڵەوە گیانی سپاردبێت و دەیسەلمێنن، کە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوك لەڕێگەی قاوەیەکەوە ژەهرخوارد کراوە. لەوانەش لەو کاتەی فەتحییەی هاوسەری لە نەخۆشخانە بووە، پزیشکێکی پسپۆڕ بەنهێنی بەگوێیدا چرپاندوویەتی، کە عادل ژەهرخواردوو کراوە و نیشانەکانی ژەهراوییبوونیشی بەسەر ڕوویەوە دیارە، داواشی کردووە ناوی نەهێنن و هەر داوایەکیش پێشکەش بکەن ناگەنە هیچ ئەنجامێك (شارەزا، 9/9/ 1998). هەروەها عومەر فەرهادی لەوبارەیەوە دەڵێت: "من پێم وایە عادل سەلیم بەهۆی ژەهراویکردنی قاوە یا چایەکەوە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوك تیرۆر کراوە، لەکاتی سەردانیکردنی بۆ بەردانی هەندێك لە گیراوە شیوعییەکان لە ئەمنی کەرکوك" (الخفاجی، 2019، ص126). لە دیدارێکدا ئەحمەد دڵزار دەڵێت: "بەر لەوەی عادل سەلیم بچێتە کەرکوك، پێی گوتم سەدام بڕیاری داوە بمکوژێت، چونکە بە سێ دێڕ باسی خراپەکارییەکانی ئەوم کردووە. منیش گوتم باوەڕ مەکە، گوتی با باوەڕ بکە، چونکە ئەوان هەموو خراپەکارییەکیان لە دەست دێت". هەروەها ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە دڵنیاییەوە عادل سەلیم ژەهرخوارد کراوە. تەنانەت ئاماژە بەوە دەکات خزمێکی ئەو پزیشکەی پشکنینی بۆ عادل کردووە، پێی گوتوە کە عادل بە ژەهر مردووە، نەك بە نەخۆشی دڵ. هەرچەندە ئەو (ئەبو حیکمەت)یشی لەگەڵدا بووە، بەڵام لەلایەك ئەوان تەنیا مەبەستیان کوشتنی عادل بووە، نەك ئەبو حیکمەت، چونکە ئەگەر ئەویشیان ژەهرخوارد بکردایە، مەسەلەکە ئاشکرا دەبوو (دڵزار،23 /4/ 2019). لەو ڕۆژەی کە عادل سەلیم ڕەوانەی نەخۆشخانە کرابوو، مومتاز حەیدەری یەکێك بوو لەوانەی لە نەخۆشخانە تەرمەکەی بینیبوو. کاتێك لەبارەی هۆکاری مردنی لە پزیشکەکەی پرسیبوو، ئەو کاتە وەڵامەکەی ئەوەبووە، کە بەهۆی جەڵتەی دڵەوە گیانی لەدەستداوە. بەڵام هەر هەمان پزیشك دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 بە حەیدەری گوتبوو، ڕاستییەکەی عادل سەلیم بەهۆی جەڵتەی دڵەوە نەمردووە، بەڵکو ژەهرخوارد کراوە، بەڵام من لەو کاتەدا لەترسی حکومەت نەمتوانی ئەو ڕاستییە بدرکێنم (حەیدەری، 2020/4/17). جگە لەمانەش توێژەری عێراقی (فایز الخفاجی) لە کتێبەکەیدا (الاغتیالات السیاسیة لکورد العراق 1838-2003) بە پشتبەستن بە چەندین بەڵگە و دیدار و شایەتحاڵ عادل سەلیمی لە ڕیزی یەکێك لەو کوردانە ئەژمارکردووە، کە لەلایەن حکومەتەوە تیرۆر کراوە (بڕوانە: الخفاجی، 2019،ص123-126). هێشتا چلەی عادل سەلیم تەواو نەبووبوو، پۆلیسی هەولێر لەماوەی سێ ڕۆژدا هاوسەر و منداڵەکانی لە خانووەکەی خۆیان لە گەڕەکی (7) ی نیسان دەرکردن (ئەبو شوان، 11/1/ 2002، ل8).

وێڕای ئەو بەڵگەنامانەی کە لەسەر ژەهرخواردکردنی عادل سەلیم هەبوون، بەڵام دوای مردنی، حزبی شیوعی هیچ جۆرە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی بۆ ڕووداوەکە نەکرد، بەڵکو هەمان گێڕانەوە و ڕاپۆرتی حکومەتیان پەسند کرد، کە بە نەخۆشی مردووە. ڕاستییەکەی حزبی شیوعی لەوە ئاگادار بوو، کە ئەو بە مردنێکی ئاسایی نەمردووە و ژەهرخواردووکراوە، بەڵام نەیدەویست ئەو مەسەلەیە زەق بکاتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبی بەعس خراپتر بکات، کە ئەو کاتە گەیشتبووە دووڕیانی کۆتایی. لەلایەکی دیکە بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی حزبەکەش بۆ پاراستنی پۆست و پایەی حکومی و بەرژەوەندییە ماددییەکانیان، دژی هەر هەنگاوێك دەوەستان، کە نیگەرانی حزبی بەعسی لێ بکەوێتەوە، بۆیە بە هەر شێوەیەك بووبێت، هەوڵیانداوە پارێزگاری لە بەرەی نیشتمانی بکەن.

**6. ئەنجامەکان**

1-بنەماڵەی عادل سەلیم، بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و بازرگانی ناوداری هەولێر بوون. ئەو لەنێو ئەو بنەماڵەیەدا جیاواز لەوانی دیکە توانیویەتی ڕێچکەیەکی نوێی فیکری و سیاسی سەربەخۆ بگرێتە بەر، کە بەهرەمەندبوونیەتی لە بیری مارکسیزم و کارکردنیەتی لەنێو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق، تا دوا ساتەکانی تەمەنی.

2- لەڕووی سیفاتە کەسایەتی و خەسڵەتە خودییەکانەوە، عادل سەلیم خاوەنی چەندین تایبەتمەندێتی بوو، کە بەدرێژایی ژیانی پێی ناسراوەتەوە. بەتایبەتی بوێری و کەمدوویی و پشوودرێژی و هێمنی. هەر کارێك یا بۆچوونێك ئەگەر تەبا نەبا لەگەڵ بۆچوون و باوەڕی خۆی، لەژێر هیچ جۆرە فشار و کاریگەرییەکدا باوەڕی پێ نەدەهێنا و کاری لەسەر نەدەکرد.

3- عادل سەلیم بەهۆی سەرقاڵبوونی بە چالاکی سیاسی و ڕێکخستنی حزبییەوە، کەمتر بایەخی بە قووڵبوونەوە لە مەسەلە هزری و فەلسەفییەکان داوە. بۆیە لە بواری نووسینیشدا کەمتر بەهرەی هەبووە.

4- کونجی زیندان و گرتووخانەکان بەشێکی دیاری ژیانی عادل سەلیمیان پێکهێناوە، بەشێوەیەك لەماوەی (52) ساڵی تەمەنیدا زیاتر لە (12) ساڵی لە زیندانەکانی سەردەمی پاشایەتی و کۆماری عێراقدا بەسەربردووە. هۆکاری سەرەکی مانەوەی زیاتری لە زینداندا دەگەڕێتەوە بۆ دەستبەرداربوونی لە پرەنسیپ و هەڵوێستی سیاسی و فیکری خۆی و ئامادەنەبوونی بۆ نووسینی پاکانەکردن لە حزبی شیوعی.

5- عادل سەلیم هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی نێوان حزبی شیوعی و حزبی بەعس نەبووە، کە کراوەتە نوێنەری حزبیش لە بەرەکەدا، لە کۆبوونەوەکاندا بە ئامادەبوونی بەرپرسانی باڵای بەعس، لە سەرووبیانەوە سەدام حسێن، بە ئاشکرایی و بێ پێچ و پەنا ڕەخنەی لە ڕەفتار و سیاسەتەکانی ئەوان گرتووە.

6- بەهۆی ئەوەی فەرمانگەی ئەمینداریێتی گواستنەوە و گەیاندن، کە ئەو بەڕێوەبەری بوو، بەشەکانی تەواو پێکنەهاتبوو و وەك ئەمینداریێتییەکانی دیکەی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن، دەزگا و فەرمانگەی تایبەت بەخۆی نەبووە، بۆیە عادل سەلیم لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەمینداریێتییەکە وەك پێویست نەیتوانیوە کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات. دەستکەوتەکانیشی لە ئاستی پێویستدا نەبووە.

7- بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەکاتی مردنیدا لە 12ی ئەیلولی 1978، ڕاگەیەندرا، کە عادل سەلیم بەهۆی نەخۆشی جەڵتەی دڵەوە مردووە. بەڵگەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە نێوبراو لە ئەنجامی ژەهرخواردکردنی لە بارەگای ئەمنی کەرکوك گیانی لەدەستداوە.

**7. پەراوێزەکان:**

[1] شەماڵ عادل سەلیم لە ساڵی 1966 لە دەرگەڵە لەدایك بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە. لە تەمەنی منداڵییەوە لەژێر کاریگەری باوکی بە بیری مارکسیزم و حزبی شیوعی ئاشنا بووە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزبی شیوعی ناو شار کاری کردووە. لە ساڵی 1989 کوردستانی جێهێشتووە و ڕوویکردووەتە وڵاتی دانیمارك. لە ساڵی 1998 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پسپۆڕی ڕاگەیاندن لە دانیمارك بەدەستهێناوە، ئەمە جگە لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم لە هونەری شێوەکاری. لە ئێستادا نووسەر و لێکۆڵەرێکی سیاسی و هونەرمەندێکی شێوەکارییە و لە وڵاتی دانیمارك ژیان بەسەردەبات.

[2] عەزیز محەمەد لە ساڵی 1924 لە هەولێر لەدایك بووە، لە ساڵی 1943 لەگەڵ ڕێکخستنی (کۆمەڵی میللەت) کاری کردووە. لە ساڵی 1945 بووەتە ئەندام لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراق. لە ساڵی 1959 بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بۆ ماوەی (31) ساڵ (1964-1993) سکرتێری حزب بووە. لە 31ی ئایاری 2017 لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. زانیارییەکان لەبارەی ژیانی وەرگیراوە لە دیدارێکی توێژەر لەگەڵ نێوبراو لە 1/17 /2010، لە هەولێر.

[3] لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵی 1945 پێکهێنرا، کە (مەلا شەریف ڕەنگرێژانی) بەرپرسی لقەکە بوو، لە ساڵی 1947 هەڵوەشێندرایەوە. لە ساڵی 1948 لەسەردەمی (یەهودا سدیق) دووبارە دامەزرایەوە و (نافیع یونس) بووە لێپرسراوی لق. دوای ماوەیەك دیسان هەڵوەشێنراوەتەوە و جارێکی دیکە لە ساڵی 1956 دامەزرایەوە. (بڕوانە: قادر، 2005، ل71-88).

[4] ئەحمەد دڵزار لە ساڵی 1920 لە شاری کۆیە لەدایك بووە. لە ساڵی 1937 قۆناغی سەرەتایی و لە ساڵی 1941 ناوەندی هەر لە کۆیە تەواو کردووە و وازی لە خوێندن هێناوە و لەو کاتەوە دەستی بە نووسینی شیعر کردووە. لە ساڵی 1946 لەکاتی خزمەتی سەربازی پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعییەوە کردووە و بەم هۆیەوە دەستگیرکراوە. لە ساڵی 1963 بووەتە پێشمەرگە لەنێو ڕیزەکانی حزبی شیوعی. لە ئێستادا لە هەولێر ژیان بەسەردەبات.

[5] نەجمەدین مامۆ هەریری لە ساڵی 1927 لە هەریر لەدایك بووە. قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە. لە ساڵی 1955 بووەتە ئەندامی حزبی شیوعی. دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 لێپرسراوی جووڵانەوەی جەماوەری شاری هەولێری گرتووەتەدەست دژ بە

کودەتاکە. لە ساڵی 1968 بۆ ماوەی هەشت مانگ چووەتە یەکێتی سۆڤییەت بۆ خوێندن. لە ساڵی 1980-1983 ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لە بولغاریا تەواو کردووە. لە 16ی ئابی 2015 کۆچی دوایی کردووە (هەریری، 2009، ل13؛ خۆشناو، 2016، ل47).

[6] لەو حزبە کارتۆنییانە وەك: پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمەڵەکەی عەزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی)، کە دوای ساڵی 1973 لە پارتی جیابوونەوە و پاڵیان دایە لای حکومەت و لەژێر ناوی پارتییەوە درێژەیان بە کاری خۆیاندا. هەروەها (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)، کە لە کانوونی دووەمی 1973 لەلایەن (عەبدولستار تاهیر شەریف و مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل و بابەکر پشدەری) دامەزرا (گۆمەتاڵی، 2012، ل160-163).

## 9. لیستی سەرچاوەکان:


### 1-بەڵگەنامە و نامە بڵاونەکراوەکان و دیدارەکان:

**أ/ بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:**

- الأمن العام (4/14/ 1964), مديرية امن لواء اربيل، الموضوع: صيغة البراءة من الاحزاب العميلة, العدد: 442.

- الأمن العام (4/21/ 1964), مديرية امن لواء اربيل، الموضوع: حجز شيوعي، العدد: 622.

- الجمهورية العراقية, (11/6 / 1977), المجلس التنفيذي لمنطقة كوردستان, الامانة العامة للنقل والمواصلات, مديرية الشؤون الادارية والمالية, الادارة والذاتية, الموضوع: امر تنفيذي رقم 566, العدد: 1/ 1921.

**ب/ نامە بڵاونەکراوەکان:**

- ابو باز، دنخا شمعون البازي، 2/3/ 2007. ئێوبراو لە ساڵی 1933 لە گوندێکی ئێزیدی سەر بە ناوچەی (سێمێڵ) لەدایك بووە. لە ساڵی 1948 لەو کاتەی لە بەسرە کاری کردووە ئاشنا بووە بە بیری کۆمۆنیزمی. دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 چەکی هەڵگرتووە و پەیوەندی بە پشتیوانان (انصار)ی حزبی شیوعییەوە کردووە و بووەتە یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی ئەنساری حزبی شیوعی. لە ساڵی 1993 عێراقی جێهێشتووە و لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێ بووە (یلدو، ایلول 2015).

- ابو جبار، اسعد خضر اربيللى, 11/20/ 2001. ئێوبراو لە ساڵی ١٩٣٢ لە هەولێر لەدایک بووە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەهەولێر تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٤٩ بووەتە ئەندامی حزبی شیوعی. لە ساڵی ١٩٥٣ بەبڕیاری حزب گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخستنی کەرکوک و لە چاپخانەی حزب کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٥٤ گیراوە و دوو ساڵ و نیو لە نوگرە سەلمان و بەعقوبە زیندانی کراوە و دوو ساڵیش لە ژێر چاودێری پۆلیس لە بەدرە ماوەتەوە. لەدوای ساڵی ١٩٥٨ ئەندامی لێژنەی محەلیی حزبی شیوعی لە هەولێر و پاشان ئەندامی لێژنەی مەرکەزی حزب بووە.

- ئەبو شوان، قادر ڕەشید، 11/1/ 2002. ئێوبراو لە ساڵی 1929 لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. لە ساڵی 1947 پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعییەوە کردووە. لە ساڵی 1953 لەگەڵ هاوڕێکانی یەکەمین (سەندیکای شۆفێران)ی لە سلێمانی دامەزراندووە. لە ساڵی 1965 بووەتە ئەندامی لێژنەی هەرێمی کوردستان. لە ساڵی 1972-1973 لە مۆسکۆ خوێندنی حزبی تەواو کردووە. لەنێوان ساڵانی 1975-1979 ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بووە. لە 13ی کانوونی دووەمی 2014 لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کردووە (سلیم، 1/14/ 2014).

- بانیخێلانی، ئەحمەد، 11/12/ 2001.

- ڕەسوڵ، فاتح، 12/7/ 1990.

- سادق، سامیە شاکر، 7/24/ 2007. ئێوبراو لە شەقڵاوە لەدایك بووە و هەر لەوێش قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. قۆناغی ناوەندیشی لە هەولێر خوێندووە. دواتر لە بەغدا ئامۆژگای مامۆستایانی تەواو کردووە. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕۆشنبیری بووە. لە دوای ساڵی ١٩٧٣ بەبڕیاری حزبی شیوعی عیراق بۆ دوو خول ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بووە. لەدوای هەڵوەشانەوەی بەرەی نیشتمانی. کوردستانی جێهێشتووە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە. ئێستا لە هەمان وڵات ژیان بەسەر دەبات.

- سەلیم، شەماڵ عادل، 3/26/ 2020.

- سەلیم، شەماڵ عادل، 4/2/ 2020.

- سەلیم، شەماڵ عادل، 4/3/ 2020.

- شارەزا, کەریم، 1998/9/9. ئێوبراو لە ساڵی 1928 لە کۆیە لەدایك بووە. لەدوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەتە ئەندام لەو حزبە. دواتر پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعییەوە کردووە. لە ساڵی 1950 خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا و وازی لە کاری سیاسی هێناوە. خاوەنی چەندین وتار و نووسینە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، بەتایبەتی لەبارەی کەسایەتییە شیوعییەکان (گۆمەتاڵی، 2013، ل60).

- شێخانی، عەبدولکەریم، 1/27/ 2003. ئێوبراو لە ساڵی 1933 لە شاری کۆیە لەدایك بووە. لە کۆیە قۆناغی سەرەتایی و لە شاری هەولێریش قۆناغی ناوەندی لە ساڵی 1953 تەواو کردووە. لەو کاتەوەی قوتابی ناوەندی بووە ئاشنا بووە بە بیری مارکسی و حزبی شیوعی. لە ساڵی 1962 لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتەوە دەستگیرکراوە و دوو ساڵ لە زیندانی (حیللە)دا ماوەتەوە و لەوێ لەگەڵ عادل سەلیم بەیەکەوە زیندانی بوون. جگە لە لایەنی سیاسی ئێوبراو ڕووناکبیر ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕێکی کوردی لێهاتووە. ئێستا لە شاری سلێمانی ژیان بەسەر دەبات (بحزانی، 4/27/ 2020).

- الشیخ, عمر علي, 2001/11/22. ئێوبراو لەدایکبووی شاری سلێیمانییە. لە ناوەڕاستی چلەکان پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعییەوە کردووە. لە ساڵی ١٩٤٩ لە بەغدا گیراوە و بۆ ماوەی (10) ساڵ زیندانی کراوە. لە ساڵی 1962 بووەتە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی. تا ساڵی 1991 بەرپرسی ڕێکخستنی گشتی ناو شار (هەولێر و بەغدا)ی حزب بووە. ئێستا لە هەولێر دەژێت.

- العبیدی، منیر، 2007. نێوبراو لە ساڵی 1949 لە گوندی (بهروز)ی سەر بە پارێزگای دیالە لەدایك بووە. لە ساڵی 1970 بەشی مێژووی لە كۆلێژی ئاداب-زانكۆی بەغدا تەواو كردووە. هەر لە هەمان ساڵدا كاری سیاسی لەنێو ڕیزەكانی حزبی شیوعی كردووە. لە ساڵی 1978 بووەتە بەرپرسی نووسینگەی ڕۆژنامەی (طریق الشعب) لە پارێزگای دیالە. لە ساڵی (1985)ەوە خۆی بۆ بابەتی هونەری یەكلاكردووەتەوە و بەشداری لە چەندین پێشانگای نیگاركێشی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقدا كردووە (موقع منیر العبیدی، 4/24/ 2020).

(دەقی ڕەسەنی نامەكان لای شەماڵ عادل سەلیم پارێزراون، توێژەر نامەكانی كۆپی كردووە).

**ج/ دیدارەكان:**

- ئەحمەد، كەریم، 9/12/ 1998. (شەماڵ عادل سەلیم دیدارەكەی ئەنجامداوە). نێوبراو لە ساڵی 1922 لە خێزانێكی جووتیار لە گوندی (كەسنەزان) لە هەولێر لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو كردووە. لە ساڵی 1944 پەیوەندی بە ڕیزەكانی حیزبی شیوعی عێراقییەوە كردووە و لە ساڵی 1953 بووەتە سكرتێری حزب. لە 1962-1992 ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزب بووە. ئێستا لە قەزای كۆیە نیشەجێیە.

- ئەحمەد، كەریم، دیمانەیەكی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی ئازادی تایبەت بە ساڵڕۆژی شەهیدكردنی عادل سەلیم، 9/12/ 1998، یەك شەممە/ 11ی پێش نیوەڕۆ.

- حەیدەری، مومتاز، 2020/4/17، هەولێر. نێوبراو لە ساڵی 1938 لە هەولێر لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر تەواوكردووە. لە سەرەتای شێستەكانەوە پەیوەندی بە ڕیزەكانی حیزبی شیوعی عێراقییەوە كردووە. وەك ڕۆژنامەنووسێكی چالاك كاری لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاردا كردووە، وەك ڕۆژنامەی (ڕێگای كوردستان و طریق الشعب). لە ساڵی 1966 چووەتە مۆسكۆ و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە پەیمانگای زانستە كۆمەڵایەتییەكان خوێندوویەتی. ئێستا سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری (k21) و (لەیلا قاسم-لەیلا زانا) یە و لە هەولێر نیشتەجێیە.

- دڵزار، ئەحمەد، 4/23/ 2019، هەولێر. (شەماڵ عادل سەلیم دیدارەكەی سازداوە).

**2- دەستنووسەكان:**

- ام شوان, فتحیة محمد، 2007, (مخطوطة غیر منشورة عن حیاة عادل سلیم).

- سەلیم, شەماڵ عادل، 2007، (دەستنووسێك لەبارەی بنەماڵەی عادل سەلیم).

- سلیم, شەمال عادل, 2019، نبذة مختصرة عن حیاة ونضال عادل سلیم, الجزء الاول (مخطوطة غیر منشورة).

- هەریری, نەجمەدین مامۆ (2008)، بیرەوەرییەكانی نەجمەدین مامۆ هەریری، بەشی دووەم، دەستنووسێكی بڵاونەكراوەیە.

**3- كتێبەكان:**

**أ/ بە زمانی كوردی:**

- بێخاڵی، سەیید مەولود (2005)، هەولێرم وا دیوە و بیستووە، بەرگی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- خۆشناو، شوان محەمەد ئەمین تەها (2016)، هەولێر لەنێوان ساڵانی 1963-1970 لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویییە لە بارودۆخی سیاسیی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- دڵزار، ئەحمەد (1994)، بیرەوەری رۆژانی ژیانم، بەشی سێهەم، ستۆكهۆڵم.

- ڕەسوڵ، فاتح (2005)، بنچینەی مێژوویی بیرۆكەی چەپ لە كوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- شەریف، عەبدولستار تاهیر ( 2007)، ململانێ لەگەڵ ژیاندا/ یاداشت 1971-1983، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئارابخا، كەركوك.

- عەلی، بارزان محەمەد (2019)، جەمال حەیدەری 1926-1963 رۆڵی سیاسیی و رۆشنبیری، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

- گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم (2013)، ساڵح حەیدەری 1922-2001 رۆڵی سیاسیی و روناكبیریی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

- هەریری، نەجمەدین مامۆ ( 2009)، بیرەوەرییەكانی نەجمەدین مامۆ هەریری، بەرگی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ب/ بە زمانی عەرەبی:

- أحمد, كریم (2006), المسیرة/ صفحات من نضال كریم أحمد, مطبعة شهاب, اربیل.

- بطاطو, حنا (2005), العراق/ الكتاب الثاني/ الحزب الشیوعي, ترجمة: عفیف الرزاز, دار المتنبي للنشر والتوزیع, بغداد.

- البوتاني, عبدالفتاح علي (2007), التطورات السیاسیة الداخلیة في العراق 14 تموز 1958-8 شباط 1963, مطبعة خاني, دهوك.

- حبیب, كاظم (2013), لمحات من عراق القرن العشرین/ العراق في العهد الجمهوري/ نهوض وسقوط الجمهوریة الرابعة في العراق, الكتاب الثامن, الجزء الاول, دار اراس للطباعة والنشر, اربیل.

- حسین، صدام (1977)، خندق واحد ام خندقان/ حول مسائل الجبهة الوطنیة والقومیة الوطنیة، الدار الوطنیة للنشر والتوزیع والاعلان, بغداد.

- الحیدري, صالح (2004), مختارات من مذكرات صالح الحیدري, اربیل.

-الخرسان، صلاح (2001)، صفحات من تاریخ العراق السیاسي الحدیث (الحركات الماركسیة 1920-1990), مؤسسة العارف للمطبوعات, بیروت.

- الخفاجي, فایز (2019), الاغتیالات السیاسیة لكورد العراق 1838-2003, سطور للنشر والتوزیع, بغداد.

- سباهي, عزیز (2003), عقود من تاریخ الحزب الشیوعي العراقي, الجزء الثاني, دار الرواد للطباعة والنشر, بغداد.

- سباهي, عزیز (2006), عقود من تاریخ الحزب الشیوعي العراقي, الجزء الثالث, دار الرواد للطباعة والنشر, بغداد.

- سباهي, عزیز و الصافي, عبدالرزاق (2003), الحزب الشیوعي العراقي معالم على الطریق المجید, دار الرواد للطباعة والنشر, بغداد.

- عبدالكریم, سمیر (1981), موقف الحزب الشیوعي العراقي من الجبهة والتحالف الجمهوري, مطبعة الاندلس, بیروت.

- عبدالكریم، سمیر (د.س)، اضواء على الحركة الشیوعیة في العراق, ج5, دار المرصاد, بیروت.

- القیسي, سیف ارحیم (2014), قراءات في ذاكرة عزیز محمد السكرتیر السابق للحزب الشیوعي العراقي مسیرة ونضال, ط2, دار الرواد المزدهرة, بغداد.

- مهدي، علي محسن (2015), الوثائق التقییمیة لمسیرة الحزب الشیوعي العراقي النضالیة, دار الرواد المزدهرة, بغداد.

- النداوي, هاجر مهدي خاطر (2017), (فهد) یوسف سلمان یوسف دوره السیاسي والفكري في العراق 1901-1949, دار الشؤون الثقافیة العامة, بغداد.

- نوري, بهاءالدين (1995), مذكرات بهاءالدين نوري, ط2, مطبعة جامعة صلاح الدين, اربيل.

**4- ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوكراوەكان:**

- الجمهورية العراقية, المجلس التشريعي لمنطقة كردستان (1977), محاضر جلسات المجلس التشريعي لمنطقة كردستان الدورة الاولى, السنة الثالثة, مطبعة الاديب, بغداد.

- الحكم الذاتي (مجلة يصدرها المجلس التشريعي لمنطقة كردستان), (نيسان 1976), العدد: 2-3, السنة الاولى, مطبعة اسعد, بغداد.

- الحكم الذاتي (مجلة), (ايلول 1976), العدد: 6, السنة الاولى, دار الحرية للطباعة, بغداد.

- الحكم الذاتي (مجلة), (1978), العدد: 1, السنة الثالثة, دار الحرية للطباعة, بغداد.

-شارەزا، کەریم، (1998/9/9)، لە یادی خەباتگێڕێکی بە جەرگی ڕێبازی مارکسی لە کوردستاندا عادل سەلیم 1926-1978، ڕێگای کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ (317).

- طريق الشعب (جريدة), ( 10/22/ 1978), ع (1522).

**5- پێگە ئەلیكترۆنییەكان:**

- توماس، توما، اوراق توما توماس, الحلقه/ 12 الموقع الالكتروني الناس 4/12/ 2020: www.al-naas.com

- الحلوائي، جاسم، ( 5/26/ 2005), حدث هذا قبل نصف قرن –القسم الثاني, منظمة راية الشغيلة وتجربتي معها (2-5) 4/1/ 2020: www.iraqcp.org/members3/whalway

- سليم، شەمال عادل (9/11/ 2007)، في ذكرى استشهاد الشخصية الوطنية الكوردية عادل سليم، الموقع الالكتروني الناس 4/16/ 2020: https://www.al-nnas.com/ARTICLE/Shamal/11adel.htm

- سليم، شەمال عادل، (9/9/ 2011)، سيبقى عادل سليم حيا في الذاكرة، الموقع الالكتروني الناس 3/25/ 2020: https://www.al-nnas.com/ARTICLE/Shamal/9f01.htm

- سليم، شەمال عادل (2012)، عادل سليم.. صاحب التاريخ النضالي الكبير 1926-1978، الموقع الالكتروني الناس 3/1/ 2020: https://www.al-nnas.com/ARTICLE/Shamal/adil12.pdf

- سليم، شەمال عادل (2013/3/30), المناضل احمد باني خيلاني... وداعا ايها الشيوعي النبيل, الموقع الالكتروني الحوار المتمدن 4/2/ 2020: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=352065&r=0

- سليم، شەماڵ عادل، ( 1/14/ 2014), وداعا... المناضل الشيوعي قادر رشيد (ابو شوان)، الموقع الالكتروني الناس 4/23/ 2020: https://al-nnas.com/ARTICLE/Shamal/14f0.htm

- يلدو، كمال (ايلول/2015)، القائد الانصارى دنخا شمعون البازى (ابو باز)، الموقع الالكتروني انسانية4/24/ 2020: http://ensania.org/%D9%83%D9%85%D8%A7%D9%84-

- الموقع الالكتروني منير العبيدي4/24/ 2020: /http://www.munir-alubaidi.de/lebenslauf-cv-syr-shkhsy/syr-hy

- الموقع الالكتروني ويكيبيديا 4/24/ 2020: %https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D9%86%D9%8A%D8%B1_%D8

- الموقع الالكتروني بحزانى 4/27/ 2020: %https://www.bahzani.net/2019/02/26/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9

## عادل سليم ( 1926 ـ 1978) حَيَاته و دوره السياسي

**بورهان حاتم عثمان**

جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية الاداب- قسم التاريخ

Burhan.othman@su.edu.krd

**ملخص**

عادل سليم , من أحد الشخصيّات الاربيللية المَعْرُوفَة, كان له دورٌ سياسي بارزٌ وكبيرٌ في صفوف الحزب الشيوعي العراقي. ففي الأربعينات والخمسينات من القرن الماضي, كان مسؤول عن جزءٌ من تنظيمات بغداد السَرِية, و في الستينات والسبعينات عمل ككادرحزبي مُحتَرِف في تنظيمات أربيل والسليمانية وكركوك والموصل وفرع كوردستان التابع لحزب لشيوعي العراقي, إضافة إلى دورُه ومواقفه قبل وأثناء وبعد انعقاد الجبهة الوطنية بين الحزب الشيوعي وحزب البعث الحاكم في عام 1973.

تَعَرَّضَ عادل سليم خلال سنوات نِضَاله السياسي إلى المُلاحَقَةُ والاعْتِقالِ والتَعْذِيب , و قَضَى 12 عاماً بِالتَّمَامِ وَالْكَمَال في السُجونُ والمَنَافىَ العراقية, وتحديداً في العهد الملكي والعهد الجمهوري الاول.

يتناول هذا البَحْث جوانب من حَيَاةٌ و نِضَال عادل سليم السياسي بين أعوام ( 1926 ـ 1978), ويتكون من أربع مُحَاورٌ رَئِيسِيّة :

المِحْوَرٌ الأول : نبذة مُقْتَضَبة عن تَارِيخ أَسرَته و بداية حَيَاته و مَرَاحِل دِرَاسَته.

المِحْوَرٌ الثاني : نِضَال عادل سليم السياسي بين أعوام ( 1941 ـ 1956 ), وإلقاء الضَوْءُ على نِضَاله في صفوف الحزب الشيوعي العراقي, و مُلاحَقَتهُ وإعْتِقالِه و تَعْذِيبه من قِبِل الأجهزة الأمنية العراقية.

المِحْوَرٌ الثالث: مواقف و نِضَال عادل سليم السياسي بين أعوام ( 1965 ـ 1970 ), حيث عمل عادل سليم في هذه الفترة في عديد من مناطق كوردستان, وتحديدًا في أربيل وكركوك والسليمانية. وكان عضواً فعالاً في مكتب إقليم كوردستان التابع للشيوعي العراقي, ولعب دوراً بارزاً في فعاليات حزبه المختلفة.

اما المِحْوَرٌ الرابع والأخير, فهو مخصص لدورٌ و نِضَال عادل سليم السياسي والإداري بين أعوام ( 1970 ـ 1978 ). حيث تم التطرق إلى دورٌ عادل سليم السياسي ومواقفه المُعارضِة تِجاه الجبهة الوطنية وحزب البعث, وإنتقاداته المستمرة في إجتماعات الجبهة بحضور كبار المسؤولين في حزب البعث. إضافة إلى فترة إشغاله لمنصب الأمين العام للنقل والمواصلات وعملِه في المجلس التنفيذي لمنطقة كوردستان, وثم إعفائه بقَرَارٌ من رئيس الجمهورية احمد حسن البكر, وثم تَسْمِيمُه والقضاء عليه من قِبل النظام البعثي في 12 / 9 / 1978 .

**الكلمات الدالة**: عادل, الحزب, الشيوعي, السجن, البعث, الجبهة.

## Adel Selim (1926 - 1978), His Life and Political Role

**Burhan Hatam Othman**
College of Arts-History Department / Salahaddin University-Erbil
Burhan.othman@su.edu.krd

**Abstract**

Adel Salim, who was one of the well-known Erbil figures, had a prominent and significant political role in the rank of the Iraqi Communist Party. In the forties and fifties of the last century, he was in charge of part of the Baghdad underground organizations, and in the sixties and seventies he worked as a professional party cadre in Irbil, Sulaymaniyah, Kirkuk, Mosul and the Kurdistan branch of the Iraqi Communist Party.

In addition to his role and positions before, during and after the National Front between the Communist Party and the ruling Baath Party in 1973.

During the years of his political struggle, Adel Saleem was subjected to persecution, detention and torture, and he spent 12 years completely in Iraqi prisons and exiles, specifically during the monarchy and the first republican era.

This research deals with aspects of Adel Selim's life and political struggle between the years (1926-1978), and it consists of four main axes:

The first axis: A brief overview of the history of his family, the beginning of his life and the stages of his studies.

The second axis: Adel Salim's political struggle between the years (1941-1956), highlighting his struggle within the ranks of the Iraqi Communist Party, and his persecution, arrest and torture by the Iraqi security services.

The third axis: Adel Salim's political stances and struggle between the years (1965-1970), where Adel Saleem worked during this period in many regions of Kurdistan, specifically in Erbil, Kirkuk and Sulaymaniyah. He was an effective member of the Kurdistan Regional Office of the Iraqi Communist, and he played a prominent role in his party's various activities.

As for the fourth and last axis, it is devoted to the role and struggle of Adel Selim both politically and administratively which was between the years (1970-1978). As they touched on the political role of Adel Saleem, his opposing stances towards the National Front and the Baath Party, and his continuous criticisms at the Front's meetings in the presence of senior Baath Party officials. In addition to his tenure in the position of Secretary-General of Transport and Communications and his work in the Executive Council of the Kurdistan Region, then he was dismissed by a decision of the President of the Republic Ahmed Hassan Al-Bakr, and then he was poisoned and eliminated by the Ba'athist regime on 9/12/1978.

**Keyword:** Adel, party, Communist, prison, Baath, Front.